# کاریگەریی ئێران لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی ٢٠٠٣

**ڕاوێژ عبدالمجید ڕەسول [١]، پەرویز ڕەحیم قادر [٢]**

١ ڕاگرایەتی سەنتەرەکانی توێژینەوە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

[١،٢] بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی و کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

---

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە شیکاری و هەڵسەنگاندنێکی ورد بۆ کاریگەرییەکانی ئێران لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی قوتابخانەی کۆپنهاگن دەخاتە ڕو، ئامانج لەم توێژینەوەیە تیشک خستنە سەر کاریگەرییە ئاسایشییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە لە هەرێمی کوردستان دوای پرۆسەی ئازادی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣)، هەروەها دوای بە دەستوری بوونی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠٠٥)کە بە فەرمی لە دەستوری عێراق دانی پێدانراوە، کۆماری ئیسلامی ئێران نیگەرانە لە بەهێزبوونی قەوارەی هەرێمی کوردستان بۆیە کاریگەریی بەردەوامی لە هەرێمی کوردستان هەبووە ، ئەم توێژینەوەیە لە ڕێگەی شیکردنەوەیەکی زانستیی ئەوە ڕون دەکاتەوە کە کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەرێمی کوردستان بە چ شێوەیەک و لە چ ئاستێک کاریگەریی دەخاتە سەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان. لە ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخەینە سەر چوارچێوەی تیۆریی بۆ شیکردنەوەی ئاسایشی نەتەوەیی لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن، هەروەها لە بەشێکی تری توێژینەوەکە تیشک دەخەینە سەر کاریگەرییە ئاسایشییەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەر پێنج سێکتەری ئاسایشی سێکتەری سەربازی و سێکتەری سیاسی و سێکتەری کۆمەڵگەیی و سێکتەری ژینگەیی لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن. لە کۆتایی توێژینەوەکە گەیشتین بە چەند دەرئەنجامێک، لەوانە پێویستی کۆماری ئیسلامی ئێران بە هەرێمی کوردستان لەبەر بوونی چەندین مەترسی ئاسایشی لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ سەر وڵاتەکەی وایکردوە کۆماری ئیسلامی ئێران بە ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی سیاسەتەکانی لە عێراق و ڕاستەوخۆش لە هەرێمی کوردستان کاریگەریی بخاتە سەر ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان.

**وشە سەرەکییەکان:** ئێران، هەرێمی کوردستان، ئاسایشی نەتەوەیی، ئاسایشی هەرێمی کوردستان، قوتابخانەی کۆپنهاگن.

---

## پێشەکی [1]

کۆماری ئیسلامی ئێران هێزێکی هەرێمایەتییە لە ناوچەکە و بە پێی بەرژەوەندی وڵاتەکەی هەڵسوکەوت دەکات، لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣) گۆڕانی سیستەمی سیاسی عێراق وایکرد ئەو لایەن و کەسایەتیانەی کە دەسەڵاتیان گرتە دەست و وڵات بەڕێوە دەبەن هاوپەیمان و نزیکی تاران بوون، هەر لەم چوارچێوەیە ئێران لە پاڵ ئەوەی سەردەمانێک پاڵپشتی کوردەکانی عێراقی کردوە و بەیەکەوە لەگەڵ ڕژێمی سەدام حوسێن جەنگاون، لەهەمان کاتدا هەرێمی کوردستان بە مەترسی ئاسایشی بۆ سەر وڵاتەکەی دەبینێت بە هۆی بوونی نەتەوەی کورد لە وڵاتەکەی، لە لایەکی ترەوە بوونی نەیارەکانی وەک ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان، لە هەمانکاتدا شەری نفوزی دەکرد لەگەڵ تورکیا و عەرەبستانی سعودیە وەک دو وڵاتی هەرێمایەتی لە ناوچەکە. سەرەڕای دۆزینەوەی بازار بۆ کاڵاکانی لە بازارەکانی هەرێمی کوردستان و هەنارده و هاوردەی لەگەڵی کە وەک سەرچاوەیەکی ئابوری بەهێزە بۆ ئێران، لە لایەکی ترەوە دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان لە ڕوی جیۆئیکۆنۆمیکەوە وەک هەرێمێکی کاریگەر دەرکەوت، هەم پێویستی بە هەرێمی کوردستانە، بۆیە دەیەوێت پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەبێت سەرەڕای مەترسییەکانی، هەرێمی کوردستانیش شوێنێکی جوگرافی هەستیاری لەسەر سنورەکانی لەگەڵ ئێران هەیە، بەهۆی بوونی سنورێکی درێژ لە نێوانیان، هەروەها بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری لە نێو هەردو دەوڵەتی ئێران و عێراقدا هەیە، کەئەمەش هەرێمی کوردستان دەکات بە گۆڕەپانێکی ناوەندیی لە ژمێرياریيە ستراتیژییەکانی ئێران. ئەم تێکەڵبوونە چەندین پرسیاری وروژاندوە دەربارەی ئاستی کاریگەریی ڕۆڵی ئێران لە پرسەکانی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان، چ لە ڕوی پشتگیریکردنی سەقامگیری یان هەڕەشەکردن لێی، تا چەند ئەمە پەیوەندی بە سیاسەتەکانی تاران هەیە لە عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەتی.

---

[1] . گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی 9، ژمارە 1 (2026)

ڕێککەوتی: وەرگرتن 3 نیسان 2025؛ پەسەندکردن: 21 ئایار 2025

توێژینەوەی ڕێکخراو: لە 26 تەمووز 2026 بڵاوکراوەتەوە.

ئیمەیڵی توێژەر: rawezh.rasool@koyauniversity.org

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © 2026 ڕاوێژ عبدالمجید ڕەسول، پەرویز ڕەحیم قادر، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp256-267

**گرفتی توێژینەوەکە:**لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستان هەرێمێکە چەندین هۆکاری گرینگی بۆ بەهێزبوونی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش لە دوای ساڵی (٢٠٠٣) وڵاتانی دراوسێی بەتایبەت کۆماری ئیسلامی ئێران لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆی لە هەرێمی کوردستان هەوڵی بەدەستهێنانی هەژمونی و بەرزکردنەوەی نفووزی خۆیان دەدەن، پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە ئەوەیە :

١-ئایا ڕۆڵ و کاریگەریی کۆماری ئیسلامی ئێران لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق لە (٢٠٠٣) لە هەرێمی کوردستان لە چ ئاستێک دابووە؟

٢- هەوڵەکانی ئێران بۆ زیادکردنی هەژمونی خۆی لە عێراق کاریگەریی دروستکردوە لەسەر هەرێمی کوردستان تا ئەو ڕادەیەی زیان بە پێگەی هەرێمی کوردستان بگەیەنێت ؟

**گرینگی توێژینەوە:** لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن شرۆڤە بۆ کاریگەرییە ئاسایشییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان دەکەین لە سەرجەم سێکتەرە ئاسایشییەکانی. کەواتە گرینگی ئەم توێژینەوە لەوە دایە کەوا گشت ڕەهەندە ئاسایشییەکان وەردەگرێت و دەیانخاتە بەر شیکردنەوە، ئەمەش لە ڕوی تیۆرییەوە وەک بنچینەیەکی تیۆریی بۆ توێژەرانی تر لەچوارچێوەی قوتابخانەی کۆپنهاگن و ڕوانگەی ئەم قوتابخانەیە بۆ ئاسایشی هەرێمی کوردستان دەخاتە ڕو، هەروەها لە ڕوی کردارییەوە ئاسایشی هەرێمی کوردستان و هەڕەشە و مەترسییەکانی بە شێوەیەکی زانستی و بابەتییانە بۆ بەرچاو ڕونی بەرپرسان و پسپۆڕان سەبارەت بە هەڕەشەکانی ئاسایشی و چۆنییەتی ڕوبەڕوبونەوەی ئەم هەڕەشە و مەترسییانە دەردەخات.

**ئامانجی توێژینەوە:** ئامانج لەم توێژینەوەیە ئەمەیە کەوا بە شێوەیەکی زانستی وەڵامی چەند پرسێک بداتەوە و ئەم کاریگەرییانە دەربخات کە ئێران لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان دایدەنێت لەوانە:

٢ -تێگەیشتن لەو پەیوەندییانەی کە پەیوەستە بە بواری سیاسی و ئابوری و ئاسایشی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران دوای ساڵی (٢٠٠٣)، بە هۆی بوونی سنورێکی درێژ لە نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و عێراق، وایکردوە چەندین دڵەڕاوکێی ئاسایشی لای کۆماری ئیسلامی ئێران بەرامبەر بە عێراق و هەرێمی کوردستان دروستبێت بۆیە گرینگە ئەم مەترسی و پاڵنەرانە دەرخەین.

٣-هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی و کاریگەریی ئێران لەسەر هەرێمی کوردستان بە تایبەتی لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن بۆ ئاسایش ئەم ڕەهەندە ئاسایشییانەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕێگەیانەوە دەتوانێ کاریگەریی بخاتە سەر ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان بخەینە بەر لێکۆڵینەوە، بۆ ئەوەی ئەو ئالنگاری و دەرفەتانەی کە لەم پەیوەندییە ئاڵۆزە سەرهەڵدەدەن بیخەینە ڕو.

**گریمانەی توێژینەوە:** گریمانەی ئەوە دەکەین کەوا لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣) کە ئێران نفوز و کاریگەریی لەسەر عێراق بەرزبوویەوە، لەهەمانکاتیشدا هەرێمی کوردستان وەکو ئەکتەرێکی ئاسایشی و سیاسی بە تایبەت لە چوارچێوەی عێراق دەرکەوتوە، بۆیە کۆماری ئیسلامی ئێران لەچوارچێوەی سیاسەتەکەی لە عێراق و ناوچەکەدا دەڕوانێتە هەرێمی کوردستان، ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان دروستکردوە.

**میتۆدی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان سودمان لە میتۆدی چۆنایەتی وەرگرتوە، و بۆ زیاتر تاوتوێکردنی دەقەکان و ناوەڕۆکی توێژینەوەکەمان و شیکردنەوەی زانیارییەکان سودمان لە میتۆدی وەسفی و شیکاری وەرگرتوە، بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان سودمان لە سەرچاوەی کتێب و توێژینەوە و ئینتەرنێت و ئامار و زانیاریەکانمان وەرگرتوە و دەق و تێکستەکانمان شرۆڤە کردوە. هەروەها لە ڕوی بنەمای تیۆرییەوە پشت بە قوتابخانەی کۆپنهاگن دەبەستین بۆ شیکردنەوەی ڕەهەندەکانی ئاسایش.

## ١. چوارچێوەی تیۆریی

### ١-١ تیۆرییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی: قوتابخانەی کۆپنهاگن

ناوی قوتابخانەی کۆپنهاگن ئاماژەیە بۆ کارنامەی توێژینەوەی کۆمەڵێک توێژەری ئەکادیمی لە ( پەیمانگای توێژینەوەی ئاشتی کۆپنهاگن)، لە دانیمارک کە ساڵی ١٩٨٥ دامەزراوە، (بالة، 2020). تیۆرییە مۆدێرنەکان لەسەرەتای ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردو هاتنە ناو بواری توێژینەوەی ئاسایشییەوە، هەروەها ناوی لێنرا توێژینەوەی ئاسایشی ڕەخنەگرانە (قوجيلي، 2014، 32). قوتابخانەی کۆپنهاگن سەر بە تیۆرییەکانی توێژینەوەی ڕەخنەیی ئاسایشییە، بەو پێیەی هەڵوێستێک دەگرێتە بەر کە دژایەتی و ڕەتکردنەوەی تێڕوانینی نەریتی بۆ ئاسایش دەکات ( Ghughnishvili, 2010, 7). ئەم تیۆرییە هەوڵدەدات چەمکی ئاسایش دوبارە دابڕێژێتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ سروشتی هەڕەشە سەردەمییەکان بگونجێت، هەروەها چەمکی ئاسایشی ڕیالیستی قبوڵ ناکات و ڕەتی دەکاتەوە. لەبەرامبەر ئەوە کار بۆ گەڕان بەدوای لایەنی کۆمەڵایەتی ئاسایشدەکات (Enlund, 2011, 15). ئەم تیۆرییە گۆڕانکاری و پێشهاتی گەورەی دروستکرد لە بواری ئاسایشی، کە گواستنەوە بوو لە ئامرازێکی تەنیا بۆ بنیاتنانی کۆمەڵایەتی، بە تایبەت لەگەڵ سەرهەڵدانی زمانەوانی کۆمەڵایەتی و گواستنەوەی بۆ بواری سیاسەتی نێودەوڵەتی (بوصبوعة، ٢٠٢٣، ٤٦١) . هەروەها تیۆری بەئاسایشکردن (Securitization) لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردو لە ژێر ڕۆشنایی سیستەمێکی دو جەمسەری لە کەشێکی پڕ لە گرژی و ململانێ لە نێوان دو جەمسەری ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتی جاران سەریهەڵداوە، جەوهەری ئەم تیۆرییە لە چوارچێوەی ئەم سیاسەتانە دەخوێنێتەوە کەوا بڕیاربەدەستان و سیاسەتمەداران، سیاسەتەکانی ئاسایشی نێونەتەوەیی دادەڕێژن بە مەبەستی دانانی کاریگەریی لەسەر سیاسەتەکانی بەئاسایشکردن، تیۆریسییەنەکان جەخت لەوە دەکەنەوە و مەرجداری دەکەن بەوەی کە ئەم بابەتانەی قسەی لەسەر دەکرێت دەبێ توند و جدی بێت و ترس و دڵەڕاوکێ دروست بکات (زعلوك، ٢٠٢٢، ٥٧٠).

کەسایەتی ئەکادیمی و مامۆستای زانکۆی کۆلێژی کینگ (Kings College London)لە لەندەن، بێل ماک سوینی*(Bill Mc Sweeney) ، بە یەکەم کەس دادەنرێت کە زاراوەی قوتابخانەی کۆپنهاگنی بەکارهێنا لەساڵی (١٩٩٦)، وەک و یەکەم کاری ڕەخنەگرانە لە قوتابخانەکە، تایبەتمەندی ئەم تێزانەی کە لەلایەن باری بۆزان و ویڤەر و هاوکارەکانی بەرهەمهێنران لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردو، ئەم تیۆرییەی کردە قوتابخانەیەکی سەربەخۆ نەک تەنها ڕێبازێکی تیۆری، کە توانای تێکەڵکردنی زیاتر لە ڕێبازێکی هەبوو، بۆ نمونە کۆکردنەوەی زانایانی وەک بۆزان کە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp256-267

پابەندە بە نیوریالیستی، هەروەها ویڤەر کە پێشینەیەکی بونیادگەرایی کۆمەڵایەتی هەیە، ئەوە دەسەلمێنێ ئەم قوتابخانەیە کۆکردنەوەی چەندین ڕێبازە (حمشي، 2018، 339).

قوتابخانەی کۆپنهاگن بە دیارترین قوتابخانە دادەنرێت کە هەوڵی فراوانکردن و قووڵکردنەوەی چەمکی ئاسایشیان داوە، ئەم قوتابخانەیە سەرچاوە تیۆرییەکەی لە ئاستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە پەرتوکی بیرمەندی دیاری ئەم قوتابخانەیە باری بۆزان بەناوی (خەڵک، دەوڵەتان و ترس: کێشەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان)* وەرگرتوە، کە لە ساڵی (١٩٨٣) بڵاوکراوەتەوە، لێکۆڵینەوەکانی ئەم قوتابخانەیە لەسەر بنەمای دەرکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی ئاسایش دامەزراوە، واتە ئاسایش چەمکێکی جێگر نییە، بەڵکو بنیاتنانێکی کۆمەڵایەتییە لەڕێگەی پراکتیک و بە شێوەی داینامیکی، بەمشێوەیە دەتوانرێ ئاسایش دیدگا نەریتییەکەی تێپەڕێنێت و فراوانتر بکرێت (بوستي، 2019). هەموو ئەمانە دەمانگەیەنن بەم ڕاستییەی کەوا ئاسایشی ڕەها ئامانجێکە هەرگیز بەدی نایەت، ئەمەش بۆزان لە نوسینەکانی ئاماژەی پێکردوە و دەڵێت کاتێک باس لە سیاسەتی ئاسایشی سەرکەوتو دەکرێت ڕووبەڕوی چەقبەستویی هەمیشەیی دەبینەوە. (قاسي ، 2019، 1508). بۆ دەوڵەت ڕەوایە بەهەر پێوەرێک بێت هەوڵی پاراستنی بەهاکانی کۆمەڵگەو دەوڵەت بدات (عبدالرحمن و عيسا، ٢٠٢٤، ٣٤٣).

باری بۆزان دەربارەی (دەوڵەت و نەتەوە) چەند سەرنجێکی جیاوازی خستۆتەڕو، پێیوابوو مەرج نییە دەوڵەت خاوەنی یەک نەتەوە بێت، بۆیە لەڕوانگەی باری بۆزانەوە لێکۆڵینەوە کلاسیکییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی کەم و کورتییان تێدایە، لەبەر ئەوەی چەندین دەوڵەت هەیە لە نەتەوەی جیاواز پێکهاتون بەتایبەت ئەو بارودۆخەی لە دوای جەنگی سارد دروستبوو، کە زۆر جار بە هۆی زۆری ئەم نەتەوە جیاوازانە لە دەوڵەت ئاسایشی نەتەوەیی ڕووبەڕوی هەڕەشەی ئاسایشی بۆتەوە. (Buzan, 1991, p142)

لە ساڵی (١٩٩٨) لە کتێبی (ئاسایش، چوارچێوەیەکی نوێ بۆ شیکاری) لە نوسینی (باری بۆزان و ئۆلی ویڤەر و جاپ دی وێلدی) کە لە دیارترین بیریارانی قوتابخانەی کۆپنهاگنن، بەتایبەت باری بۆزان باس لە بایەخ و گرینگی کۆمەڵگە دەکات لە پرسی ئاسایشدا، ئاسایشی کۆمەڵگاکان دەخاتە ئاست و هاوتای ئاسایشی نەتەوەیی، پێیوایە ئەگەر ئاسایشی کۆمەڵگاکان پارێزراو نەبێت ئەستەمە باس لە پارێزراوی ئاسایشی نەتەوەیی بکەین. (Buzan& The others, 1998, p183)

لە لێکۆڵینەوەیەکی تر باری بۆزان لە ساڵی (١٩٩٨) بە ناونیشانی ( ئاسایش و ئابوری لە جیهانی سێیەم) ئاسایشی ڕژێمەکان بە بایەختر دەزانێت لە ئاسایشی دەوڵەت، بۆ ئەمەش جەخت لەسەر وڵاتانی باشوری جیهان دەکات کەوا لەم دەوڵەتانە ئامانجی سیاسەتەکانی حکومەت تەنیا دەستەبەرکردنی ئاسایشی هاوڵاتیان نییە، بەڵکو گرەنتیکردنی دەسەڵاتی دەستەبژێرە لەسەر بنەمای هێز. بەڵام ویڤەر لەبەرامبەر ئاسایشی دەوڵەت و ڕژێمدا گروپە جیاوەزەکان لە کۆمەڵگادا و پێویستی بە هێزکردنیان بۆ بەرگریکردن لە ناسنامەکانیان و یەکگرتویی زمان و کەلتور بە بابەت و سەرچاوەی ئاسایش دادەنێت. (علی، ٢٠١٤، ل٢٣)

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم تیۆرییە ئەوەیە کەوا کۆمەڵگا دەهێنێتە ئاستی دەوڵەت، لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستانیش دەوڵەت نییە و ئاسایشە گشتییەکەی بەشێکە لە دەوڵەت، لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن هەندێ جار دەوڵەت خۆی هەڕەشەیە بۆ سەر ناسنامەکە، واتە ئەگەر ناسنامەی کۆمەڵگا نەمێنی کۆمەڵگاکەش نامێنێ و ئەگەر دەوڵەتیش سەروەری نەمێنێ ئەوا دەوڵەتەکەش نامێنێ، واتە دەوڵەت و کۆمەڵگا بەجیا باس دەکات، لەبەر ئەوەی دەوڵەت دەتوانێ ببێتە هەڕەشە بۆ سەر کۆمەڵگاکەی خۆی. هەرێمی کوردستانیش تا ساڵی (٢٠٠٣) دیفاکتۆ بوو، لە ساڵی (٢٠٠٥) بە فەرمی لە دەستوری عێراقدا دانپێدانرا، ئەم کۆمەڵگەیەی لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە ڕاستە نەتەوەی جیا جیای تێدایە، بەڵام زۆرینەی کوردە، بە واتەیەکی تر کوردستان کۆمەڵگەیەکی ناسنامەییە کە زۆرینەی کوردە، کیانێکی فیدراڵی هەیە، ئەم قوتابخەنەی ئێمەش دەستنیشانمان کردوە بۆ توێژینەوەکەمان گرینگی بە کۆمەڵگەش دەدات هاوتای دەوڵەت.

## ٢-١ سێکتەرەکانی ئاسایش:

لەگەڵ ئەوەی ئەم قوتابخانەیە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردو سەری هەڵدا، بەڵام بیرکردنەوە لە فراوانکردنی سێکتەرەکانی ئاسایش، لەلایەن بیرمەندانی قوتابخانەی کۆپنهاگن لە دەیەکانی دوای جەنگی سارد سەریهەڵداوە، باری بۆزان لە پەرتوکی "خەڵک، دەوڵەت و ترس: کێشەی ئاسایشی نیشتیمانی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا"، کە لە ساڵی ١٩٨٣ بڵاو کراوەتەوە، ڕونی کردەوە کەوا چەمکی ئاسایش تەنیا لە ئاسایشی سەربازیدا سنوردار نییە، بەڵکو لەپاڵ ئاسایشی سەربازی چەندین لایەنی دیکە لەوانە ئاسایشی سیاسی، ئاسایشی کۆمەڵگەیی، ئاسایشی ئابوری، و ئاسایشی ژینگەیی لەخۆ دەگرێت (حسين و الآخرون، 2024، 130).

### ١-٢-١ ڕەهەندی سەربازی:

ئاسایشی سەربازی بە مانا تۆکمەکەی خۆی، هەڕەشە سەربازیەکان لە خۆدەگرێت، کە ئەم هەڕەشانە کاریگەریی لەسەر هەموو پێکهاتە و دامەزراوەکانی دەوڵەت هەیە، کە بەستراوەتەوە بە سەلامەتی هاوڵاتیان، واتە ئەم سێکتەرە خەمی مانەوەی دەوڵەت و ئەکتەرەکانە لە نێوان توانا سەربازییەکان (صباح بالة، 2020). واتە لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن ئاسایشی سەربازی پەیوەندی بە دو ئاستەوە هەیە، ئەوانیش توانای چەکداری دەوڵەتانە لە ڕوی هێرشبەری و بەرگرییەوە، هەروەها چۆنییەتی تێڕوانینی دەوڵەتان بەرامبەر بەیەکتر، لە ڕوی نییەتی سیاسی و ئاسایشی سەبارەت بە سیستەمی سەقامگیری دەوڵەتان و سیستەمی حوکمڕانی دەوڵەتان و ئایدیۆلۆژیان کە ڕەوایەتی خۆیانی لێ وەردەگرن، بە کۆتایی هاتنی جەنگی سارد گۆڕانکاری زۆر ڕویاندا، لەوانە بنکە سەربازییەکانی لە دەوڵەتانی پەراوێز کەم کردەوە، هەروەها هاندانی دەوڵەتانی بۆ بەدەستهێنانی چەک کەم کردەوە، لەهەمان کاتدا دەوڵەتە زلهێزەکانی لە بەدەستهێنانی دەستکەوتی زۆر بێبەش کرد (بوستي، 2023) .

### ٢-٢-١ ڕەهەندی سیاسی:

کەرتی سیاسی لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن گرنگی بە دەوڵەت لە ئاستی نێودەوڵەتی لە دەرەوە و پەیوەندی نێوان هاوڵاتی و دەوڵەت لە ناوخۆ دەدات، واتە دابەش دەبێت بە سەر دو ڕەهەندا: ڕەهەندی سیستەمی نێودەوڵەتی کە (یەکێتی، کارلێککردن، پێکهاتە)ی سیستەمی نێودەوڵەتی دەگرێتەوە، لە ئاستی ناوخۆش (پاراستنی تاکەکان و دڵنیابوون لە ئاسایشیان) دەگرێتەوە، هەروەها کێشەی سنوری دەوڵەتان دەکەوێتە چوارچێوەی کەرتی ئاسایشی سیاسی (Buzan, 1991,439-440).

باری بۆزان پێیوایە ئاسایشی سیاسی هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان دەگرێتەوە کە ڕووبەڕوی دەوڵەتان دەبێتەوە، هەڕەشەکانیش چەند لایەنێک دەگرێتەوە، هەڕەشە ناوخۆییەکان کاریگەریی لەسەر ڕەوایەتی ناوخۆیی دەوڵەت دادەنێن، لەوانەش ئایدیۆلۆژیای دەوڵەت، و بیرۆکە سەرەکییەکان و ئەم پرسیارانەی کەوا دامەزراوەکانی حکومەت و سەقامگیریان دەکەوێتە چوارچێوەی سێکتەری ئاسایشی سیاسی، و

سەقامگیریش دەتوانی خۆشگوزەرانی گشتی و هاوسەنگی لە ناوخۆ بەدەستبهێنێت، و لەئاستی دەرەوەش سەربەخۆیی بۆ دەوڵەت دەستەبەر بکات، هەموو ئەمانەش دەوەستێتە سەر توانای دامودەزگاکانی دەوڵەت، چونکە تا ئاستی توانای ئەم دەزگایانە بەرز بێت، خۆشگوزەرانی باشتر بەدەستدێنێ، بە پێچەوانەوە لە دەرئەنجامی کەمی توانای دامەزراوەکان ئەم دەوڵەتە دەبێتە مۆڵگە بۆ ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان بە نمونە وەک گروپە تیرۆریستییەکان، هەروەها فەرمانڕەوایانی دەوڵەت پێویستە لەسەریان ئارامی و دڵنیایی هاوڵاتیانیان بپارێزن لە ڕێگەی دورخستنەوەی هەڕەشە دەرەکییەکان، و مافە سیاسییەکانیان بۆ فەراهەم بکەن لە پرۆسەی بەشداری حکومڕانی دەوڵەتەکانیان، و پێویستە هاوڵاتیان ئازاد و یەکسان بن و هیچ کەسێک بیروباوەڕی بە زۆرەملێ بەسەردا نەسەپێنرێ و لەسەر بیروڕا دەستگیر نەکرێت، ئەمانە هەمووی دەکەوێتە چوارچێوەی ئاسایشی سیاسی (محمد، ٢٠٢٢، ٦٣-٦٨).

### ١-٢-٣ ڕەهەندی کۆمەڵگەیی:

باری بۆزان لە پەرتوکی "خەڵک، دەوڵەت و ترس: کێشەی ئاسایشی نیشتمانی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا"، کە لە ساڵی (١٩٨٣) بڵاوکرایەوە، لەپاڵ ڕەهەندەکانی تری ئاسایش ئاسایشی کۆمەڵگەی بە ناوەندیەتی ناسنامە زیاد کرد، دواتر لە ساڵی (١٩٩٣) بۆزان و هاوکارەکەی ئۆلی ویڤەر لە پەرتوکی (ناسنامە، کۆچ و بەرنامەی کاری ئاسایشی مۆدێرن لە ئەورووپا)یان بڵاوکردەوە، زیاتر گرنگیان بە ئاسایشی کۆمەڵگەییدا و بەرزیان کردەوە بۆ ئاستی دەوڵەت و لە تەنیشت دەوڵەتیان دانا، پێیانوابوو دەتوانرێ سەربەخۆ لە دەوڵەت بوونی هەبێت، ئەم ڕەهەندە پەیوەستە بە ناسنامەی گشتی و نەریتە نیشتمانییەکان، کە هەڕەشەکانی سەر ئەم لایەنانە لە پاڵ کۆچکردن و هەژاری و خراپی ئاستی پەروەردەیی، و ئایین و کەلتور، هەموو ئەم هەڕەشانە دەکەوێتە چوارچێوەی ئاسایشی کۆمەڵگەیی (سالح، ٢٠٢١، ٦١-٤٢).

دوای کۆتاییهاتنی جەنگی سارد و ئەم گۆڕانکاریانەی بەدوایداهات، جەختیان لەسەر پێویستی گونجاندنی تیۆرییەک دەکرد کە لەگەڵ سروشتی ئەم پرسە ئاسایشیانە بگونجێ کە سنوری دەوڵەتان دەبەزێنن و توانای دەوڵەتان تێدەپەڕێنن بۆ ڕووبەڕووبونەوەیان، پرسی ئاسایشی نوێ و تازە سەریانهەڵدا کە چیتر وەکو ئاسایشی سەربازی پێناسە ناکرێت، کە ئەمەش دیاردەی ئاسایشی نوێ یاخود مودێرن بوون، وەک پرسی کۆچبەر و ناسنامەی کەلتوری، کە ئەمانە ڕێگەیان خۆشکرد بۆ سەرهەڵدانی چەمکی ئاسایشی کۆمەڵگەیی، بۆیە "باری بۆزان" ڕەخنەی لە تیۆریە کلاسیکەکان گرتووە کە تەنیا تیشکیان خستۆتە سەر هێز و وەدەرنانی ڕەهەندە نامادیەکان، و داوای فراوانکردنی پانتایی شیکارییەکانی کردوە، هەروەها "ئۆلی ویڤەر" پێیوایە کە ئاسایشی کۆمەڵگا لە دەوری شوناس(ناسنامە) دەخولێتەوە، پێیوایە گروپ و تاکەکان خۆیان بە ئەندامی کۆمەڵگە دەزانن، هەروەها توانای ئەم گروپانە بۆ پاراستنی ناسنامەکانیان ئەوە دەردەخەن کە دەوڵەت دەتوانێت پارێزراو بێت، بەڵام لە هەمانکاتدا هەندێ جار دەوڵەت خۆی دەبێتە مەترسی لەسەر ئاسایشی گروپەکان، ئەگەر سیاسەتی چەوساندنەوە و پەراوێزخستن بگرێتەبەر، یان سیاسەتی جیاکاری لە نێوان گروپەکان بکات (هاشمي و يحيى، ٢٠٢٣، ١٦٩). لە چوارچێوەی ئەم تێڕوانینە فروان و قووڵەی قوتابخانەی کۆپنهاگن هێناویەتییە ئاراوە، ئاسایشی کۆمەڵگەیی وەکو یەکێک لە گرینگترین ڕەهەندە ئاسایشییەکانی دەوڵەت پۆلێن دەکرێت، ئەم ڕەهەندە لە دەوری بەردەوامی ژیانی کۆمەڵگا و دەوڵەتدا سەنتەرکراوە، لە چوارچێوەی ئەم سنورانەی کە ڕێگە بە گەشەسەندنی سروشتی کۆمەڵگە دەدات وەک زمان و کەلتور و ئایین و دابو نەریت و هەموو ئەم تایبەتمەندیانەی کەوا شوناسی بە کۆمەڵ و کەلتوری گروپەکانی کۆمەڵگا بخاتە بەردەم مەترسییەوە، ئەوەی زۆر جار بە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی دیاریدەکرێت دیاردەی کۆچبەرییە، لەبەرئەوەی ڕەنگە ڕوبدات کەوا لە ئەنجامی لێشاوی کۆچبەران یان دزەکردنی بەها کەلتوریی یان زمانەوانییەکان گەلێک لەناو گەلێکی تردا هەڵبوەشێتەوە (مريم، ٢٠٢٤).

### ١-٢-٤ ڕەهەندی ئابوری:

قوتابخانەی کۆپنهاگن و بەتایبەت تر "باری بۆزان" پێیوایە ئاسایشی ئابوری لە چوارچێوەی تواناکانی دەوڵەت دەخولێتەوە، بە مەبەستی بەدەستهێنانی سەرچاوە جۆراوجۆرەکان و توانا داراییە پێویستەکان، هەروەها دەستەبەرکردنی بازار بۆ کاڵاکانی ناوخۆ، و باشکردنی گوزەرانی هاوڵاتی و دابینکردنی سەقامگیری بۆ سیستەمی حکومڕانی، هەروەها دورخستنەوەی ئابوری ناوخۆیی لە هەڕەشە دەرەکییە جۆراوجۆرەکان، کە لە ئەنجامی تێکچونە ناوخۆییەکانی سیستەمی ئابوری و لاوازی یەککگرتویی کۆمەڵایەتی و هاودەنگی لە ناوخۆی دەوڵەت، و کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوون و سزا نێودەوڵەتییەکان، ئەمانە هەمووی دەبنە هەڕەشە لەسەر سیستەمی ئابوری دەوڵەت (بوستي ٢٠٢٣). ئەم ڕەهەندە ئامانجی دابینکردنی هەلومەرجی گونجاوە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خەڵک و ئامرازەکانی پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی، بۆیە دەوڵەت بۆ دابینکردنی ئاسایشی ئابوری خۆی پێویستە پشت بە تواناکانی خۆی ببەستێ بۆ بنیاتنانی ئابورییەکەی، بۆ ئەمەش دەبێت هەوڵی بەدەستهێنانی تەکنەلۆجیای پێشکەوتو بدات، و خۆی بپارێزێ لە بەهەدەردانی سامانە سروشتییەکەی بۆ ئەوەی ئابورییەکەی بە بەهێزی بمێنێتەوە و لە پێشکەوتن دابێت. (نجيل، 2019، 133-134).

لە ڕوانگەی باری بۆزان دیاریکردنی یەکەی ئاسایشی لە ڕەهەندی ئابوری کارێکی ئاسان نییە، لەگەڵ ئەوەش دەوڵەت دەتوانێ هەڕەشە و مەترسییەکانی سەر ڕەهەندی ئابوری ڕابگەیەنێت کەوا چین و بارودۆخی ئابوری دەوڵەت لە چ ئاستێکدایە، ڕەهەندی ئابوری یەکەی ئاسایشی لە تاکەکانەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە چینە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمپانیاکان، هەڕەشەکانی سەر ئەم ڕەهەندەش پشت بەم یەکە ئاسایشییانە دەبەستێت کە لەم ڕەهەندە دیاریدەکرێت. (حەمە، ٢٠٢١، ل٣)

کەواتە ئاسایشی ئابوری لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن بەمانای دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە داراییەکان و دابینکردنی ئەم بازارانەی پێویستن بۆ پاراستنی ئاستی داهات، و دورخستنەوەی هەڕەشەکان لەسەر ئاسایشی ئابوری دەوڵەت. (حسين و الآخرون، ٢٠٢٤،ل١٣٠)

### ١-٢-٥ ڕەهەندی ژینگەیی:

چەمکی ئاسایشی ژینگەیی بە یەکێک لە گرنگترین چەمکە نوێیەکانی قۆناغی دوای جەنگی سارد دادەنرێت، لەم قۆناغە پرسی ئاسایشی جێگەی خۆی کردەوە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، و بووە پێویستییەکی نێودەوڵەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تێکچونە ژینگەییەکان، توێژەرانیش بۆ دەوڵەمەندکردنی پرسە ئاسایشییەکان هەوڵی فروانکردنی پرسە ئاسایشییەکانیان دەدا، ئاسایشی ژینگەییش لەم چوارچێوەیەدا گرینگی پێدەدرا، ئاسایشی ژینگەیی کۆڵەکەی سەرەکیی سەلامەتییە بۆ ئاسایشی گشتی، لە نەهێشتنی مەترسیە ژینگەییەکان کە ڕوودەدەن لە ئەنجامی کارەساتی سروشتی یان مرۆیی، لە بنەڕەتدا ئەم ڕەهەندە پەیوەندی بە پاراستنی سامانە سروشتییەکان لە کەمبوونەوە و لەناوچون هەیە. (قلوش، 2021، 547-548).

ئاسایشی ژینگەیی لەسەر دو جۆر هەڕەشە دامەزراوە، هەڕەشە سروشتییەکان، و

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp256-267

هەڕەشە کۆمەڵایەتییەکان یان مرۆییەکان، کاریگەریی ئەم هەڕەشانە وادەکات ژیانی هەموو مرۆڤایەتی لەسەر زەوی بکەوێتە مەترسییەوە. (مجدان، 2017، 47).
ئەم چوارچێوە تیۆرییەی لەم بەشە تیشکمان خستۆتە سەر، مەبەستمانە بە کەڵک وەرگرتن لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگنەوە تیشک بخەینە سەر کاریگەرییە ئاسایشییەکانی ئێران لەسەر هەرێمی کوردستان لە پاش ساڵی (٢٠٠٣)، لەڕوی جیۆسیاسی و ئاسایشییەکان و ململانێی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی لە نێوان ئێران و دەوڵەتان لە هەرێمی کوردستان کە بە هەڕەشەی ئاسایشی بۆ سەر وڵاتەکەی دەیبینێت، بۆیە لەکۆتایی پێویستە لە ڕوانگەی هەر پێنج سێکتەری ئاسایشی قوتابخانەی کۆپنهاگن تیشک بخەینە سەر کاریگەرییە ئاسایشییەکانی ئێران لەسەر هەرێمی کوردستان لە ڕوی سیاسی و سەربازی و ئابوری و کۆمەڵگەیی و ژینگەیی.

## ٢- بە ئاسایش کردن و کاریگەریی لەسەر سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بەرامبەر هەرێمی کوردستان.

لە ڕوانگەی بیریارانی قوتابخانەی کۆپنهاگن ئاسایش بە مانای مانەوە و بەردەوامی بۆ ژیان دێت، پێیانوایە هەموو پرسەکان بە ئاسایشی هەژمار ناکرێت، بەڵکو ئەم پرسانە وەک پرسێکی ئاسایشی هەژماردەکرێن کە مەترسی هەبێت و پێویست بکات بە شێوەی ئاسایشی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، واتا لە دژی ئەوەن کە هەموو پرسە کۆمەڵایەتییەکان بکرێن بە پرسی ئاسایشی. (المصباح، ص 23) بیریارانی ئەم قوتابخانەیە پێیانوایە بۆ ئەوەی پرسێک وەک هەڕەشەی ئاسایشی سەیربکرێت پێویستە بێتە هەڕەشە لەسەر مانەوەو ئاسایشی لایەنی هەڕەشە لێکراو و ناچاری بکات پەنا بۆ سەرجەم ڕێگاکانی لەناکاو ببات لە پێناو پاراستن و بەرگریکردن لە خۆی و وەڵامدانەوەی ئەم هەڕەشەیە. ( علی، ٢٠١٤، ل ١٠)
ئولی ویڤەر بە ئەندازیاری سەرەکی پرسی بەئاسایشکردن لەم قوتابخانەیە دادەنرێت، وتەیەکی هەیە کە دەڵێت " پرسەکان کاتێک دەبنە پرسی ئاسایشی کە لەلایەن دەستەبژێرەوە ڕادەگەیێنرێت" واتە پرسەکان کاتێک دەبنە پرسی ئاسایشی کە لەلایەن دەستەبژێری فەرمانڕەوا ڕادەگەیێنرێن، پرۆسەی بە ئاسایشکردن کاتێک دێتە دی کەوا کە هەڕەشە و مەترسییەکە ڕەوایەتی بدات بە شکاندنی یاسا و ڕێساکان، پەرەبسەنێت بۆ ڕاگەیاندنی باری نا ئاسایی، یان بەکارهێنانی هێزی سەربازی و نەتوانرێ بە سیاسی و دبلۆماسی چارەسەربکرێت. (حەمە، ٢٠٢١، ل٤-٥) لە ڕوانگەی ئەم قوتابخانەیە لە پرۆسەی بەئاسایشکردن سیاسەت دەچێتە سەروی یاسا و ڕێسا و سێکتەرەکانی تری ناو دەوڵەت، واتە پرسی بە ئاسایشکردن ڕێگایەکی توندی بەسیاسیکردنی بابەتەکەیە. (عطوان، 2012، ص6) سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە لە سەر توانای ئەم دەستەبژێرە وەستاوەتەوە کە بانگەشەی پرۆسەی بە ئاسایشکردنەکە دەکات، لەبەر ئەوەی دەبێت جەماوەر ئەمە قبوڵ بکات کە پرسێک هەیە بۆتە هەڕەشە لەسەریان، بە واتایەکی تر سەرکەوتن و شکستهێنانی پرسەکە وەستاوەتە سەر وەڵامدانەوەی جەماوەر کە ئایا ئەوان چەند ئەم پرسە بە پرسێکی ئاسایشی سەیردەکەن. (عزیز، ل ١٣٦)
یەکێک لەو پرسانەی ئێران بەرامبەر هەرێمی کوردستان بە ئەمنی کردوە سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانە، ئێران پێیوابو سەربەخۆبوونی هەرێمی کوردستانی عێراق دەبێتە هۆی گەشەکردن و بەهێزبوونی هەستی ناسیۆنالستی نەتەوەیی، ئەمەش وادەکات ئێران ڕوبەڕوی شەپۆلێکی هەستی ناسیۆنالیستی ببێتەوە و ببێتە تەحەدایەکی ئاسایشی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ ئێران و مەترسی بۆ سەقامگیری و یەکپارچەیی خاکی ئێران هەیە، لە لایەکی ترەوە ئێران پێیوابوو ئیسرائیل تاکە دەوڵەتە پشتگیری لە دەوڵەتبوونی کوردانی عێراق دەکات ئەمەش وادەکات لە کاتی بوونی دەوڵەتی کوردی ئیسرائیل ئامادەبوونی لەم دەوڵەتەی دراوسێی ئێران هەبێت، ئێران ئەم نزیک بوونەی ئیسرائیل لە سنوری وڵاتەکەی بە مەترسی گەورە بۆ سەر ئاسایشی سیاسی و سەربازی خۆی دەبینێ (رویا فرزین راد و دیگران، ١٣٩٨،ص 205) لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕی داعش هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی فراوانبوو بەهۆی وەرگرتنەوەی ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستان لە دەستی داعش، دوای ئەوە ویستی سەربەخۆی هەرێمی کوردستان و ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی بەدوا داهات، وایکرد ئێران هەرێمی کوردستان بە هەڕەشە بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی عێراق و بەرژەوەندییەکانی ئێران لە ناوچەکە ببینێت، بۆیە بە توندی دژی ئەو مۆدێلە وەستایەوە کە دەبووە مەترسی لەسەر فرەپێکهاتەیی وڵاتەکەی، بۆیە لەسەر ئاستی ناوخۆ هەوڵی پاشگەزبوونەوەی لایەنە سیاسییەکانی دا و لەسەر ئاستی عێراقیش پشتگیری هێرشی چەکداری بۆ سەر هەرێمی کوردستان کرد، لە سەر ئاستی هەرێمیش لەگەڵ ئەنقەرە هاوپەیمان بوو بۆ کۆتای هێنان بە ویستی سەربەخۆیی کوردەکان لە هەرێمی کوردستان. ( صالح، 2023، 101)
بوونی پارت و هێزە کوردییە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران لە هەرێمی کوردستان یەکێکی ترە لەم پرسانەی بە ئەمنی کراوە لەبەر ئەوەی بۆ ئێران بۆنەتە جێگای بایەخپێدان، لەبەرئەوەی ئێران ئەم پارتانە بە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی خۆی دەزانێت بۆیە بەردەوام چاودێری جموجۆڵی ئەم پارتانە دەکات، لە ڕێگای کونسەڵگەری وڵاتەکەی لە هەرێمی کوردستان، بۆیە ئێران چەندین هێرشی موشەکی و درۆنی بۆسەر بارەگای ئەم پارتەنە لە هەرێمی کوردستان ئەنجامداوە (سادق، ٢٠١٧، ل١٨-١٩)
یەکێکی تر لەو پرسانەی لە لایەن ئێرانەوە بە ئەمنی کراوە پرسی وزەیە، ئێران کاردەکات بۆ لاوازکردنی پێگەی ئابوری هەرێمی کوردستان بە تایبەتی سێکتەری نەوت و گاز، ئێران نایەوێت هەرێمی کوردستان هەرێمێکی سەقامگیر و بەهێز بێت، بەپێچەوانەوە نیگەرانە لە هەوڵەکانی هەرێمی کوردستان بۆ بەهێزبوونی وەک ئەکتەرێکی ناوچەیی، بۆیە بە وردی دەڕوانێتە هەوڵەکانی هەرێمی کوردستان کە دەیدات بۆ پەرەپێدان بە کەرتی وزە بەتایبەتریش گازی سروشتی، کە مەبەستییەتی سەرچاوەی داهات بۆ خۆی زیادبکات بە هەناردەکردنی گازی سروشتی بۆ دەرەوە، لە هەمان کات ئێران ترسی هەیە, هەرێمی کوردستان لە پرسی هەناردەکردنی گازی سروشتی لە ناوچەکە ببێتە جێگرەوەی ئێران. بۆیە لە ڕوی سەربازییەوە هێرشی موشەکی کردۆتە سەر ماڵی سەرمایەدارانی بواری وزە لە هەرێمی کوردستان، بە مەبەستی بوونی ترس و دڵەڕاوکێ لای سەرمایە داران، لە هەمانکاتدا ناردنی پەیامیشە بۆ کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان. (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٤، ٣٥-٣٦).
یەکێکی تر لەو پرسانەی بە ئەمنی کراوە پرسی ئاوە، کۆماری ئیسلامی ئێران چەندین بەنداوی لەسەر ئەم سەرچاوە ئاویانەی بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان دێن دروستکردوە، ئەوەی گرینگی پێنەدات مافی بەشە ئاوی هەرێمی کوردستان و عێراقە، بۆیە ئاستی ئاوی ئەم ڕوبارانەی لە ئێرانەوە دێتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان بە ڕونی دابەزینی پێوەدیارە، بە جۆرێک ڕەنگە لە داهاتودا ببێتە ڕوباری وەرزی بەمەش لە هەرێمی کوردستان شتێک نامێنێت بە ناوی ئاسایشی ئاو و ئاسایشی خۆراک کە تەواوکەری یەکن، عێراق لە دوای ساڵی (٢٠٠٣) لەبەرئەوەی سەروەریی خۆی لە دەستداوە بەرامبەر وڵاتە هەرێمایەتییەکان بە تایبەت ئێران بۆیە عێراق و هەرێمی کوردستانیش ناتوانن ئاسایشی ئاو و کشتوکاڵ و خۆراکیان بپارێزن

و پارێزگاری لێبکەن بەرامبەر هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران (سەرحەت، ٢٠٢٢، ٣٥-٣٧).

ئەمانەو چەندین پرسی تری ئاسایشی و سیاسی و ئابوری و ژینگەیی و ناسنامەیی، کە لە نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە دەکرا بە ڕێگای دبلۆماسی و سیاسی چارەسەرکرابا، بەڵام لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بە ئەمنی کراوە، لە ئەنجامدا چەندین جار کاردانەوەی سەربازی و هێرشی موشەکی و درۆنی بۆ سەر هەرێمی کوردستان ئەنجامداوە.

## ٣- کاریگەرییەکانی ئێران لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان

لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران هەرێمی کوردستان بە ناوچەیەکی گرنگ هەژمار دەکرێت، بە هۆی ئامادەبوونێکی چالاکانەی هێزەکانی دژ بە ئێران لە هەرێمی کوردستان بۆیە ئێران ستراتیژییەتێکی تایبەتی گرتۆتە بەر بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان لەبەرئەوەی بە هەڕەشە بۆ سەر وڵاتەکەی دەیبینێت، هەرێمی کوردستان هەم لە بواری ئاسایشی ناسنامەیی هەم لە بواری ئاسایشی ئابوری بۆ ئێران بایەخی تایبەتی هەیە، لە دوای ساڵی (٢٠٠٣) ئێران لە پاڵ پشتگیری کردنی لە حوکمی شیعە لە عێراقی نوێ و دورخستنەوەی سوننەکان لە دەسەڵات، لە هەرێمی کوردستانیش لە ڕێگای پارتە سیاسیەکان هەوڵی دورخستنەوەی هەژمونی ڕۆژئاوا و ئیسرائیل دەدات، بەهۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان هاوسنورە لەگەڵ وڵاتەکەی بۆیە ئێران بەردەوام ترسی ئەوەی هەیە کەوا هەرێمی کوردستان ببێت بە ئیسرائیلی دووەم لە ناوچەکە و کێشەی گەورەی ئاسایشی و هەواڵگری بۆ ئێران دروستبکات (سادق، ٢٠١٧، ١٠).

هەرێمی کوردستان کاریگەریی زۆری سیاسەتی ئێرانی بەسەرەوەیە، لەم هۆکارانەش کە وایکردووە ئەم کاریگەرییە دروست بێت دیارترینیان هۆکاری جوگرافی و نەتەوەیی و ئاسایشی و ئابورییە، بەو پێیەی ئێران هاوسنورە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، لە لایەکی تر بوونی نەتەوەی کورد لە ئێران وایکردووە بە شێوەیەکی سروشتی کارلێککردن و بەرژەوەندی هاوبەش لە هەموو پرسە سیاسی و ئابوری وکۆمەڵایەتی و ئاسایشییەکان لە نێوانیان دروستبێت، هۆکاری ئاسایشیش ڕۆڵێکی گرنگی لە کرانەوەی ئێران بەڕووی هەرێمی کوردستانی عێراق هەبوو، بە تایبەت دوای هاتنە ناوەوەی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش بۆ ناو عێراق لە (حوزەیرانی ٢٠١٤)، بەو پێیەی ئێران خێرابوو لە پێشکەشکردنی هاوکاری سەربازی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کە توانای بەرگری هێزی پێشمەرگەی زیادکرد. (سلمان و الاخرین، ٢٠١٩، ٤٣٩-٤٤١)

ئێران ئامانجی کۆنترۆڵکردنی ناوچەکەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا کوردەکان بە ڕێگر دەبینێت بەرامبەر بە فراوانکردنی هەژمونی خۆی لە ناوچەکە، لەبەرئەوەی پێیوایە کوردەکان لە ڕێگای هەڵوێست و کردارەکانیان مەبەستیانە گۆڕانکاری لە ناوچەکە بکەن، (کرمانج و عەزیز، 2024، ٧٨-٨١).

کەواتە کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ ئەوەی دەستی بە مانەوەی عێراقی ئێستادا گرتووە نایەوێت گۆڕانکاری لە عێراق هاوپەیمانی دروستبێت و لەگەڵ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراقە، ترسی ئەوەی هەیە بوونی گۆڕانکاری لەم وڵاتە بەرژەوەندییەکانی بخاتە مەترسییەوە، لە هەمان کاتدا بوونی وڵاتە دژبەرەکانی ئێران لە هەرێمی کوردستان و نزیک لە سنورەکانی وڵاتەکەی بە هەڕەشەی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەی دەبینێت و بە هەستیارییەوە لە جموجۆڵەکانیان دەڕوانێت.

### ٣-١ ئێران و ئاسایشی سیاسی هەرێمی کوردستان

دوای هاتنی داعش لە ساڵی (٢٠١٤) پەیوەندییەکانی ئێران و هەرێمی کوردستان باش و توندو تۆڵ بوون، بەڵام دوای شکستی داعش لە ساڵی (٢٠١٧) و سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە بەسەر ئەم ڕێکخراوە تیرۆرستییە و لێوەرگرتنەوەی زۆربەی ناوچە دابڕێنراوەکان و فراوانبوونی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان نیگەرانی لای ئێران دروستکرد، ( صالح، 2023، ١٠٠)

ئێران بۆ زیادکردنی نفوزی خۆی چەندین هۆکار بەکار دەهێنێت بە شێوەیەکی گشتیش ئێران لە بەرژەوەندی ستراتیژی وڵاتەکەی ئەم ئامرازانە بەکار دەهێنێت، لایەنە سیاسییەکان بە سەرەکیترین و بەهێزترین هۆکار دەبینرێت کەوا ئێران دەتوانێت پشتی پێ ببەستێت بۆ ئەوەی بگات بە ئامانجە ستراتیژییەکانی خۆی لە هەرێمی کوردستان، تاران مەبەستییەتی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خۆی هاوتەریب بکات و مەترسییەکان لەسەر بەرژەوەندی خۆی دوربخاتەوە، (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٠، ٢٠-٢١) . لە لایەکی تر ئێران پەیوەندی باشی لەگەڵ سەرۆک هۆزو عەشیرەتەکانی هەرێمی کوردستان هەیە بە تایبەت ئەم هۆزانەی یەکگرتون و ڕێکخستنی بەهێزی کۆمەڵایەتییان هەیە، (سادق، ٢٠١٧، ١٣-١٤).

یەکێکی تر لەو هەڕەشانەی لەسەر سەقامگیری و ئاسایشی سیاسی هەرێمی کوردستانە بوونی ناکۆکی نێوان پارتە سیاسیەکانە لە پێکهاتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەک بەشداری نەکردنی کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران لە لایەن قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەشێک لە وەزیرەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە ساڵی (٢٠٢٣)کە دواتر درێژەی کێشا و بووە بایکۆت، ئەمەش وەک هەڕەشەیەکی جددی بوو بۆ سەقامگیری سیاسی و کارگێڕیی هەروەها ڕەوایەتی بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرجەم ناوچەکانی هەرێمی کوردستان کە سەرەنجام وەک هەڕەشە بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیری سیاسی تەواوی هەرێمی کوردستان دەبینرا (عمر ، ٢٠٢٣، ٥٦-٥٨)

کۆماری ئیسلامی ئێران کاردەکات لەسەر لێکترازانی گوتاری یەکگرتوی کورد، و هەروەها زەقکردنەوەی ناکۆکییەکان لە ڕێگای کاریگەری دانان لەسەر لایەنێک لە لایەنە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان و هەوڵی ڕۆڵبینینی لە کاروباری ناوخۆیی هەرێمی کوردستان (قادر، ٢٠١٦، ٤).

بۆیە دەبینین هەوڵەکانی زیادکردنی نفوزی ئێران کاریگەریی لەسەر سەقامگیری سیاسی لە هەرێمی کوردستان هەبووە و بەردەوامە، ئێران بە پشتیوانیکردنی هەندێک کوتلەی سیاسی و چەکداری نزیک لە خۆی لە عێراق هەوڵی دابەشکاری ناوخۆیی و گرژی ناوچەییەکان دەدات، بەمەش نفوزی خۆی پێ بەرزدەکاتەوە و وەک نێوەندگیری ڕۆڵ دەبینێت لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، بۆیە بەردەوام کار لەسەر لێکترازانی یەکریزی و فرەیی گوتاری سیاسی لە هەرێمی کوردستان دەکات لە لایەکی ترەوە ناکۆکییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغداد زیاتر دەکات، بەمانایەکی تر ئێران هەرێمێکی ناسەقامگیری لا مەبەستە کە خۆی وەک ئەکتەری سەرەکی تێیدا ببینێتەوە.

### ٣-٢ ئێران و ئاسایشی سەربازیی هەرێمی کوردستان

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp256-267

لە بەشی پێشەوەی توێژینەوەکەمان لە دیدی قوتابخانەی کۆپنهاگن لە ڕەهەندی سەربازی ئاماژەمان بەوەدا پێویستە وڵاتان سنوری وڵاتەکانیان بپارێزن لەبەر ئەوەی ئامانجی هەرە لە پێشینە بۆ وڵات مانەوە و بەردەوامییە.

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە و کەمکردنەوە و دورخستنەوەی هەڕەشەکانی سەر وڵاتەکەی ئێران باوترین ئامراز کە بەکاری بهێنێت لە سیاسەتی دەرەوەی بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان ئامرازی هەواڵگری و سەربازییە، ئێران چالاکییە هەواڵگرییەکانی لە ژێر ناوی دبلۆماسی و بازرگانی و گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدەدات، ئەم چالاکیانەش لە دوای ساڵی (٢٠٠٣) بە شێوەیەکی فراوانتر بەردەوامیان هەیە، ئێران هەرێمی کوردستان بە شوێنێکی گونجاو دەبینێت بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکانی بە تایبەت لێدانی ئەم پارتانەی لە دژی سیستەمی سیاسی ئێران لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن (کەریم، ٢٠١٣، ٨٩) .

ئێران بەهۆی بەد گومانی لە نزیکبوون و لێکتێگەیشتن لە نێوان تەلئەبیب و بەشێک لە پارت و لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، چەندین جار ڕایگەیاندوە کەوا بارەگای ئیسرائیلی لە هەرێمی کوردستان کردۆتە ئامانج کە دیارترینیان هێرشکردنە سەر هەولێر بوو لە (٢٠٢٢/٣/١٣)، بە ١٢ موشەکی بالستی لە جۆری فاتح ١١٠، موشەکەکان لە خاکی ئێران واتە لە دەرەوەی عێراق ئاڕاستەی هەولێر کراون کە ناوچەی کونسوڵخانەی ئەمریکا و ماڵی بازرگانی دیاری هەولێر شێخ بازی کردبووە ئامانج، لە پەرچەکرداری ئەم هێرشەش حکومەتی عێراقی لە یەکەمین ڕاگەیاندنیان ئەوەی بە پێشێلکردنی سەروەری عێراق و پێشێلکردنی ڕێکەوتننامەکانی دروانسێیەتی باش ناوبرد، و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە ڕاگەیاندنی وەزارەتی ناوخۆ ڕایگەیاند ئەمە جەنگێکی زیرەکی سنوربەزاندنە کە تەنیا لە حاڵەتەکانی شەڕدا بەکار دەهێنرێت (ئەبوبەکر و ئەحمەد، ٢٠٢٤، ٣٥). ئەمە جگە لەوەی کە ئێران و گروپە پرۆکسییەکانی چەندینجار بنکەکانی پارتە سیاسییەکانی ئۆپزسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵات و بنکەی سەربازیی هەریر و فرۆکەخانەی هەولێریان بە موشەک و درۆن بۆردومان کردوە بە بیانوی لێدان لە هێزە ئەمریکییەکان (عەبدوڵڵا، ٢٠٢٤، ٣٥).

بۆیە هەر هێرشێک بۆ سەر هەرێمی کوردستان بە ئێران هێرشکردن بۆ سەر ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی دەزانێت، ئێران بە دیراسەکردنی ورد هێرشی موشەکی بۆ سەر بازرگانانی هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدات، کە لە چەندین لاوە سودی لەم هێرشانە بینیوە، ڤێلاکانی سەرمایەدارەکان کە هێرشیان کراوەتە سەر نزیکن لە بنکەو دامەزراوەکانی ئەمریکا وەک کونسوڵخانەی ئەمریکا لە هەولێر، بەمەش پەیامەک بە ئەمریکا دەگەیەنێت کە دەتوانێت هێرشی موشەکی بکاتە سەر بنکەکانی لە هەرێم، و توانای موشەکییەکانی پێشانی نەیارەکانی دەدات، لە هەمان کاتدا دوری ڤێلاکانی سەرمایەداران لە ناو شار وا دەکات ژمارەیەکی کەم لە خەڵکی مەدەنی ببنە قوربانی کە ئەمەش ئێران ناخاتە ژێر بەرپرسیاریەتی دەرەکی و ناوخۆیی. (قادر، ٢٠٢٤، ٩٥-٩٧).

یەکێکی تر لە هەڕەشە سەربازییەکانی سەر هەرێمی کوردستان بوونی هێزو گروپەکانی حەشدی شەعبییە لە عێراق، لەبەرئەوەی ئەم هێزانە بەهۆی چۆنییەتی دروستبوون و پێکهاتەیان ناچنە ژێرباری فەرمانەکانی حکومەت و کەسانی مەدەنی، بۆیە هەموو کات بە هەڕەشەی سەربازی دادەنرێن بۆ سەر هەرێمی کوردستان (عیسی و قادر، ٢٠٢١، ٣٦٤).

پەیوەندییەکانی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەمیشە لەسەر بنەمای هاوکاری و گرژی بووە بە تایبەت لە پرسی ئاسایشیی کە پرسێکی ئاڵۆزە لە نێوان ئەم دو لایەنە، بەهۆی بوونی سنورێکی درێژی نێوانیان تاران هەمیشە هەستیارە بەرامبەر جموجۆڵە سەربازی و سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی هەر جوڵەیەک بە هەڕەشەی ئاسایشیی بۆ سەر وڵاتەکەی دەبینێت بۆیە چەندین جار هێرشی موشەکی و درۆنی کردۆتە سەر هەرێمی کوردستان و پارتە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکان بە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی لەناو خاکی ئێران تۆمەتبار دەکات، لە لایەکی تر بوونی هێزەکانی ئەمریکا کە بە ئەویتری ناسنامەی خۆی دەبینێت لە هەرێمی کوردستان، و فراکسیۆنە کوردییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە پشتیوانی مانەوەی ئەمریکا لە عێراق و هەرێمی کوردستان دەزانێت، بۆیە ئەمانە وەک هەڕەشە بۆسەر خاکی ئێران دەبینێت، هەموو ئەو هەڕەشە سەربازیانەی ئێران کاریگەریی لەسەر ئاوەدانکردنەوە و لایەنی ئابوری هاتنی وەبەرهێنی بیانی بۆ هەرێمی کوردستان هەیە، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵی ڕاگرتنی هاوسەنگی پەیوەندییەکانی لە نێوان ئەمریکا و ئێران بەغداد داوە.

## ٣-٣ ئێران و ئاسایشی ئابوری هەرێمی کوردستان

دراوسێیەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران بەپێی هەڵکەوتەی جوگرافی و نزیکی بەشێک لە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان لە تاران وادەکات هەرێمی کوردستان بەردەوام کاریگەریی ئێرانی بەسەرەوەبێت، و بە پێی بەرژەوەندی خۆیان هاوسەنگییەکان بپارێزن، لە دوای ڕوداوەکانی (١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧) دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان متمانەیان بەرامبەر ئەمریکا کەم بۆوە، لەبەر ئەوە وایکردوە پەیوەندی ئابوری نێوان هەرێمی کوردستان و ئێران بەردەوام بێت ئەگەر پەیوەندییەکە کزیش بێت، هەرێمی کوردستان زۆر جار ئەم پەیوەندییە ئابورییەی وەک دەرفەت بینیوە بە تایبەت بۆ بازرگانی ناوچە سنورییەکان، بەڵام هەرچی ئێرانە هەرێمی کوردستان وەک هیوایەک بۆ ئابوری و بازرگانی خۆی دەبینێت لە کاتی تەنگانە (ئاقایی، ٢٠١٨، ٦٩-٧٠).

سەرەڕای نیگەرانییە سیاسییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە بایەخەوە دەڕوانێتە پەیوەندییە بازرگانییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان و خۆپارێزی ناکات لە ئەنجامدانی ڕێکەوتننامە و گرێدانی پەیوەندی ئاڵوگۆڕی بازرگانی، ئامانجییەتی لە ڕێگای هەرێمی کوردستانەوە بە بازاڕەکانی وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و وڵاتانی کەنداو عێراق بگات، هەروەها مەبەستییەتی بە باشتربوونی پەیوەندییە ئابورییەکانی پەیوەندییە سیاسییەکانی توندوتۆڵتر کات بۆ ئەوەی هەژمونی خۆی درێژەپێبدات لە ململانێ هەرێمایەتییەکانی ناوچەکە، ئێران مەبەستییەتی هەناردەی وزەی هەرێمی کوردستان بەشێکی لە ڕێگای وڵاتەکەی بێت بۆ بەدەست هێنانی دڵنیای سیاسی و ئابوری و سەلماندنی بوونی خۆی لە ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتی، ئێران نیگەران بوو لە ڕێکەوتننامەی وزەی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان لەبەرئەوەی ڕۆڵ و هەژمونی ئابوری و سیاسی ئێرانی لە ناوچەکە کەم کردبۆوە، لەگەڵ ئەوەی هەناردەی سەرچاوەکانی وزەی هەرێمی کوردستان ڕۆڵی ئێرانی کەمتر کردبۆوە بەرامبەر تورکیا، لە هەمان کاتدا هەناردەی سەرچاوەکانی وزەی هەرێمی کوردستان بە نرخێکی کەمتر لە نەوت و گازی سروشتی ئێران دەفرۆشرا، بۆیە کاریگەریی لەسەر نرخی سەرچاوەکانی وزەی ئێران دادەنا، بۆیە ئێران بۆ ڕاگرتنی پێشکەوتنەکانی هەناردەی

سەرچاوەکانی وزەی هەرێمی کوردستان هەڕەشەی سەربازی و سیاسی ئەنجامدەدا (صالح، 2023، 101-104).

یەکێک لە فشارەکانی ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستان لێدانە لە پێگەی ئابوری هەرێمی کوردستان بە تایبەتی سێکتەری نەوت و گاز لەبەرئەوەی ئێران ترسی زۆری لەوە هەیە کەوا هەرێمی کوردستان ببێتە جێگرەوەی ئێران لە هەناردەکردنی گازی سروشتی لە ناوچەکە، (عەبدوڵلا، ٢٠٢٤، ٣٥-٣٧).

ئێران بە یارچییەکی سەرەکی و کاریگەر لە بواری ئابوری و وزە لە عێراق نوێ هەژماردەکرێت، عێراق سەرەڕای ئەوەی وڵاتێکی دەوڵەمەندە لە یەدەگی گازی سروشتی بەڵام نەیتوانیوە سود لەم سامانەی وەربگرێت، بۆیە ناچار بۆ بەرهەم هێنانی وزەی کارەبای پێویست گازی سروشتی لە ئێران هاوردە دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش چەند گرێبەستێکی لەگەڵ عێراق واژۆ کردوە بۆ هەناردەی گازی سروشتی بە نرخێکی بەرزتر لە نرخی بازار، ئەمەش بە سەرچاوەیەکی باش بۆ داهاتی ئێران دادەنرێت، بۆیە ئێران مەبەستییەتی عێراق نەتوانێ وزەی پێویست بەدەست بهێنێت و ئەم پەیوەست بوونەی بە ئێرانەوە بەردەوامی هەبێت، هەروەها بەهەمان شێوەی عێراق ئێران و تورکیا گرێبەستی گازی سروشتیان لە نێوان هەیە، ئێران بە نرخی بەرز گاز هەناردەی تورکیاش دەکات ئەم گرێبەستەش لە ساڵی (٢٠٢٦) کۆتایی پێدێت، بۆیە ئێران ترسی لەوە هەیە تورکیا ئەم گرێبەستە نوێ نەکاتەوە و بە دوای جێگرەوەی ئێران بگەڕێت کە هەرێمی کوردستانە، لە هەمان کات هەوڵەکانی هەرێمی کوردستان بۆ زیاد کردنی بەرهەمهێنانی گازی سروشتی لە کێلگەکانی بنەباوێ و میران، هەروەها لە کێلگەی کۆرمۆر هەرێم هەوڵیدا بە دو قۆناغ بەرهەمهێنانی گازی سروشتی لەم کێلگەیە زیاد بکات لە قۆناغی یەکەم بیگەیێنێتە ٦٩٠ملیۆن پێ سێجا لە ڕۆژێکدا و لە قوناغی داهاتوو بیگەیێنێتە یەک ملیار پێ سێجا لە ڕۆژێکدا، بەمەش هەرێمی کوردستان دەچێتە قۆناغێکی نوێوە کەوا بە مەترسی بۆ سەر ئێران هەژمار دەکرێت، بەردەوام باس لەوە دەکرێ کەوا هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠٢٦) بەرهەمی ناوخۆیی و گاز بۆ عێراقی فیدراڵیش دابین بکات و هەناردەی بۆ تورکیاش هەبێت (گەلالی، ٢٠٢٢، ل٢٥-٢٦)

یەکێک لەو کێلگانەی ئێران ترسی لێی هەیە کێلگەی کۆرمۆرە کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی شاری کەرکوک، دەکەوەێتە ناوچەی قادر کەرەم ناوچەیەکی کێشە لەسەرەو لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان دایە، قەبارەی ئەم کێلگەیە ١٣٥ کیلۆمەترە بڕی بەرهەم هێنانی ٤٥٠ ملیۆم مەتر سێجا غازی سروشتی و ٤٢٠٠ مێگاوات کارەبا بەرهەم دەهێنێت لە لایەن کۆمپانیاکانی دانا غاز و هیلالی ئیماراتی بەرهەم هێنان تێیدا ئەنجام دەدرێت، کار بۆ ئەوە دەکرێت بڕی بەرهەم هێنان زیاد بکەن بۆ یەک ملیار پێ سێجا، بۆیە ئەم کێلگەیە ٨ جار ڕووبەڕوی هێرشی موشەکی و درۆن بووەتەوە، هەمیشە گروپە چەکدارەکانی نزیک لە ئێران بە ئەنجامدەرانی ئەم هێرشانە تۆمەتبار دەکرێن (حسەین ، ٢٠٢٤، ٩٢).

فایلی فرۆشتنی وزە پێگەیەکی هەرێمی و نێودەوڵەتی بە هەرێمی کوردستان بەخشیوە کە جیاواز لە ناوچەکانی تری عێراق گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا جیهانییەکان دەکات بۆ فرۆشتنی سەرچاوەکانی وزە بەتایبەت نەوت، ئەمەش وایکردووە کەوا دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان لە سەکۆ ئابوری و ئاسایشییەکانی جیهان وەک کۆڕبەندی داڤۆس و کۆنفرانسی میونشن و هەروەها لۆبیکردن لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکا بکات وەک ئەوەی دەوڵەت بن حسابیان بۆ دەکرێت، بۆیە عێراق نیگەران بوو لەم پێگەیەی هەرێمی کوردستان و ویستی لە ڕێگەی قەدەغەکردنی فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان لە پێگەی سیاسی و ئابوری و دبلۆماسی هەرێمی کوردستان بدات، بۆیە لە ڕێگەی دادگای باڵای فیدراڵی ئەم کارەی ئەنجامدا (ئەحمەد، ٢٠٢٤، ٧٨). دادگای باڵای فیدراڵی عێراق کە بەرزترین دادگایە لە عێراق وەک فشار بۆسەر هەرێمی کوردساتن لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٢/١٥) بڕیاری نا دەستوری بوونی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی دەرکرد.( احمد، ٢٠٢٢، ١٢٩). و لە (٢٠٢٣/٣/٢٧) هەناردەی نەوتی هەرێم بۆ بەندەری جیهان ڕاگیرا. یەکێکی تر لە کێشەکانی نێوان حکومەتی بەغداو حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا پرسی بڕینی بودجە و موچەیە، کە ئەمەش کاریگەریی کردۆتە سەر ئاسایشی سیاسی و ئابوری کۆمەڵگەیی هەرێمی کوردستان (عیسی و قادر، ٢٠٢١، ٣٣٦).

کۆماری ئیسلامی ئێران مەبەستییەتی هەرێمی کوردستان لە بارودۆخێکی ناسەقامگیری ئاسایشی بێت، بۆ ئەوەی سەرمایەداران لە گیان و ماڵی خۆیان دڵنیا نەبن و هەرێمی کوردستان بە ناوچەیەکی نا سەقامگیر بزانن و نەتوانن وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان ئەنجام بدەن، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا کاریگەریی نەرێی لەسەر دۆخی ئابوری هەرێمی کوردستان دروست دەکات ( قادر، ٢٠٢٤، ٩٥).

کەواتە کۆماری ئیسلامی ئێران کاریگەریی بەرچاوی لەسەر پرسی ئابوری و بازرگانی هەرێمی کوردستان داناوە، لە ڕێگەی فشاری سیاسی لەسەر حکومەتی ناوەندی عێراق لە ڕێگای دادگای باڵای فیدراڵی توانی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ بەندەری جیهان ڕابگرێت، هەروەها لە ڕێگەی سەربازییەوە چەندین جار هێرشی درۆنی و موشەکی کردە سەر کێلگە نەوتییەکان و ماڵی سەرمایەدارە دیارەکانی بواری نەوت و گازی سروشتی هەرێمی کوردستان، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا لێدان بوو لە سەرچاوەی داهاتی هەرێمی کوردستان، هۆکاری ئەمانەش نیگەرانی ئێرانە لە نزیکی هەرێمی کوردستان لە تورکیا و لە لایەکی ترەوە نایەوێت هەرێمی کوردستان ببێت بە جێگرەوەی وڵاتەکەی لە فرۆشتن و هەناردە کردنی سەرچاوەکانی وزە نەوت و گازی سروشتی.

### ٤-٣ ئێران و ئاسایشی کۆمەڵگەیی هەرێمی کوردستان

ئاسایشی کۆمەڵگەیی لە ڕوانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن بە تایبەتتر لە دیدی ئۆلی وەیڤەر، بە مانای توانای کۆمەڵگا دێت بۆ بەردەوامیدان بە ژیانی کۆمەڵگە لە بارودۆخی گۆڕاو ئەگەری بوونی هەڕەشە و مەترسییەکان، ناسنامە بە کرۆکی ئاسایشی نەتەوەیی دادەنرێت، ئەوەی پرسی ناسنامەیی هەرێمی کوردستان بۆ پرسێکی ئاسایشی بەرزدەکاتەوە لەڕوی پێکهاتەییەوە هەرێمی کوردستان فرە نەتەوەیی و فرە ئایینە، ئەمەش دەتوانێت بۆ ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان ببێتە هەڕەشەیەکی ئاسایشی، دروست بوونی ناسنامەی گروپ و ناوچە و کۆمەڵە جیاوازەکان و بەرگریکردن لە ناسنامەی خۆیان پێکدادان لە نێوان ناسنامەکان دروست دەکات، هەروەها ڕەوایەتی ناسنامەی نیشتیمانی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان لاواز دەبێت و مەترسی دەکەوێتە سەر، لە کۆتایی دەتوانێ کێشە بۆ ئاسایشی کۆمەڵگەیی لە هەرێمی کوردستان دروست بکات (عیسی و قادر، ٢٠٢١، ٣٣-٣٦).

کۆماری ئیسلامی ئێران پێکهێنانی ناسنامەی نەتەوەیی سەربەخۆ لە هەرێمی کوردستان بە هەڕەشە بۆ سەر وڵاتەکەی دادەنێت، لەبەر ئەوەی ئێران نەتەوەی کوردی تێدا دەژێت و بوونیان هەیە لەم وڵاتە و ئێرانیش لە دژی سیستەمی خۆ بەڕێوەبەری کوردانە، و بەردەوام ترسی ئەوەیان هەیە کاریگەریی لەسەر نەتەوەی کوردی دانیشتوی ئێران بکات، بۆیە بە مەبەستی پێشگرتن لە بیرو ئەندێشەی

سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان هەموو کات پێداگری لەسەر یەکپارچەیی و سەروەری خاکی عێراق دەکەنەوە ( پوور عەلی و ئەوانی تر، ٢٠٢٢، ١٨٣).

کۆماری ئیسلامی ئێران لە پاڵ ئەفغانستان و پاکستان کە سێ گەورەترین بەرهەمهێن و بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەرن، بە وڵاتانی مانگی ئاڵتونی ناسراون، ئێران بە ناوچەی ترانزێت بۆ ساغکردنەوەی ماددەی هۆشبەر هەژماردەکرێت، مەزەندە دەکرێت ڕۆژانە بڕی ٥ بۆ ٦ تەن ماددەی هۆشبەر ساغبکەنەوە، بۆیە هاوسنوری لەگەڵ هەرێمی کوردستان بە مەترسی گەورە دەبینرێت، ئەوەی جێگای سەرنجە لە پێش ساڵی (٢٠٠٣) هەرێمی کوردستان زۆر پاك بوو لە ڕوی ماددەی هۆشبەر، بەڵام دوای پرۆسەی ئازادی عێراق و کراوانەوەی سنورەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان ڕوی لە زیادبوون کرد، ئێران هەوڵدەدات لە ڕێگای هەرێمی کوردستانەوە ماددەی هۆشبەر بۆ خواروی عێراق و لەوێشەوە بۆ وڵاتانی کەنداوی عەرەبی بنێرێت بەرپرسانی عێراق و هەرێمی کوردستانیش ئەمەیان پشتڕاست کردۆتەوە، جیاوازی ئێستای عێراق لەگەڵ پێشتر ئەوەیە کە پێشتر عێراق تەنیا ڕێگای گواستنەوەی ماددەی هۆشبەر بوو، بەڵام لە ئێستادا بووەتە بازاری ساغکردنەوەی ئەم ماددانە و گەنجانی عێراق و هەرێمی کوردستان بوونەتە قوربانی ئالودەبوونی ماددەی هۆشبەر، ئەمەش بە هەڕەشەیەکی جددی بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی هەرێمی کوردستان دەبنرێت (ڕەحمان، ٢٠٢١، ٤٨-٥٥).

لە میانی کۆنفرانسێکی تایبەت بە ماددەی هۆشبەر لەژێر ناونیشانی "ماددەی هۆشبەر ئەو مەترسییەی لەبەردەم هەمووانە" لە ڕێککەوتی (٢٠٢٢/٥/٢٨) گوتەبێژی پێشوتری حکومەتی هەرێمی کوردستان د. جوتیار عادل ڕایگەیاند بەداخەوە ژمارەی بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەر لە هەرێمی کوردستان ساڵ بە ساڵ لە زیادبوونە ئەمەش بە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەبینرێت ، ئاماژەی بەوەکرد کەوا لە شەش مانگی سەرەتای ساڵی (٢٠٢٢) ژمارەی دەستگیرکراوانی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر ٩٩٩ کەس بووە تەمەنی دەستگیراوان لە ١٨ ساڵ تا سەروی ٥٠ ساڵ لە هەموو ئاستێکی ڕۆشنبیری تێدایە (کۆنفرانسێکی تایبەت بە ماددەی هۆشبەر، ٢٠٢٢).

لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان و ئێران سنورێکی فراوان لە نێوانیاندا بوونی هەیە، لە لایەکی ترەوە خراپی بارودۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی ئێران ڕەنگە کاریگەری بخاتە سەر هەرێمی کوردستانیش لە ڕێگەی جیاواز، بە نمونە باندەکانی لەشفرۆشی بەناوی جیا وەک کچە مۆدێل لە ئێرانەوە ڕو لە هەرێمی کوردستان دەکەن، ئەمەش وادەکات گەنج و لاوانی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ئەم باندانەوە بەرەو ڕەوشێکی خراپ هەنگاو بنێن، کە بە هۆکار گەلێک بۆ تێکچونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان هەژماردەکرێن(گەردی، ٢٠٢٥).

بۆیە دەتوانین بڵێین پرسی ئاسایشی کۆمەڵگەیی لە هەرێمی کوردستان بە هۆکاری جۆراوجۆر بە تایبەت لە بواری ناسنامەی ئاسایشی نەتەوەیی کەوتۆتە ژێر کاریگەری سیاسەتەکانی ئێران، لە پەیوەندییەکانی نێوانیان فشارە سیاسییەکانی ئێران و شوناسی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان وەک دو هۆکاری سەرەکی کاریگەرییەکی بەهێز لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان بوونی هەیە. ئێران وەک وڵاتێک کە خاوەن دانیشتوی کوردە لە وڵاتەکەی بە هۆی ترسە ئاسایشییەکانی هەمیشە هەوڵی سنوردارکردنی ناسنامەی کوردی هەرێمی کوردستانی داوە، ئەم فشارانەش خۆی لە خۆیدا دەتوانێ ببێتە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵگەیی هەرێمی کوردستان و ئەم ئاسایشە تێکبدات.

### ٣-٥ ئێران و ئاسایشی ژینگەیی هەرێمی کوردستان

لە پاڵ ژینگەی جیهانی ژینگەی هەرێمی کوردستانیش ڕوبەڕوی هەڕەشە بۆتەوە بە هۆی چەندین هۆکاری جیا جیا کە بوونەتە هۆی مەترسی و پیسبوونی ژینگەیی، ئەمەش وایکرد لە ڕابردودا حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتێکی تایبەت بە کاروباری ژینگە دابمەزرێنی، کە دواتر ناوەکای گۆڕدرا بۆ دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان بە پێی یاسای ژمارە ٣ ساڵی (٢٠١٠) پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، هەروەها هەرێمی کوردستان ڕۆژی (٤/١٦) وەک ڕۆژی ژینگە دیاریکردووە کە ساڵانە لەم ڕۆژەدا چەندین چالاکی ژینگەیی ئەنجام دەدرێت، سەرەڕای ئەم هەوڵانە بۆ پاراستنی ژینگەیی هەرێمی کوردستان دوچاری چەندین هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی ژینگەی بۆتەوە کە ڕوبەڕوبوونەوەی بەشێکیان بەدەر لە توانای حکومەتی هەرێمی کوردستانە (عمر، ٢٠٢٣، ١٦١).

یەکێک لە هەڕەشە ئاسایشییەکانی سەر ژینگەی هەرێمی کوردستان ئاسایشی ئاوە بەهۆی ئەوەی سەرچاوەی سەرەکی ڕوبارەکانی ٦٠٪ لە وڵاتانی دراوسێوە دێتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان، هەرێمی کوردستان لە ڕوی پشت بەستن بە سەرچاوەکانی ئاو لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دۆخی باشترە، بەڵام کێشەی لاوازی بەڕێوەبردنی سیاسەتی ئاوی هەیە، ناتوانێت سود لە ئاوی سەر زەوی ببینێت و ئاوی ژێر زەوی بۆ ئەو کاتە بێت کەوا ئاوی سەر زەوی توشی نەمان و کەمبوونەوە دەبێت. (سەرحەت، ٢٠٢٢، ٣٥-٣٧).

حەوت سەرچاوەی ئاوی هەرێمی کوردستان کە پێکدێت لە ڕوبارەکانی دیجلە و زێی گەورە و زێی بچوک و سیروان و ئەڵوەند و قورەتو و هاوسان لە دەست کۆماری ئیسلامی ئێرانە، هەرێمی کوردستان توانای سەپاندنی سەروەری خۆی بەسەر ئەم ڕوبارانە نییە، لەگەڵ گۆڕانی ئاو و هەواش کۆماری ئیسلامی ئێران ڕێژەی باران بارینی بە ڕێژەی ٢٥٪ کەمیکردووە واتە گلدانەوەی ئاوی لە بەنداوەکان بە ڕێژەی ٣٣٪ کەمیکردووە، بۆیە ئێران بە هۆی پێداویستی زۆری بە ئاو بۆ بەرهەم هێنانی دانەوێڵە و وزەی پێویست دەستیکردوە بە وەبەرهێنانی سەرچاوە ئاوییەکان، بەمەش گرفتی بۆ هەرێمی کوردستان دروستکردوە هەر لە دابەزینی ئاستی ڕوبارەکان وەک ڕوباری ئەڵوەند و قورەتو، بە هۆی ئەوەی گەرمیان هیچ سەرچاوەیەکی ئاوی تری نییە جگە لەم دو ڕوبارە بۆیە کەمبوونەوەی ئاستی ئەم دو ڕوبارە کاریگەری زۆری لەسەر کشتوکاڵی ئەم ناوچانە داناوە، لە لایەکی تر بەهۆی زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان کە ساڵانە ٣٪ زیاد دەبێت، و خڕبوونەوەی دانیشتوان لە شارەکان و دانیشتوی شار ئاوی زیاتری پێویستە لە دێ نشینەکان، هەروەها گۆڕانی ئاو و هەوا کەم بوونەوەی باران و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی و بە هەڵمبوون، ئەمانە هەمووی پێویستی بە پلانێکی نوێیە کە وەڵامدەرەوەی ئەم بارودۆخە نوێیە بێت بە پێچەوانەوە بەر لە هەڕەشە ئاسایشییەکانی سەر ژینگەو ئاوی هەرێمی کوردستان ناگیرێت (محەمەد، ٢٠٢٢، ١٢-٢١).

هەرێمی کوردستان یەکێک لەو ناوچانەیە کە ململانێی بەردەوامی تێدابووە بەهۆی ئەم ململانێ و شەڕانەی لە ڕابردودا هەبووە بە تایبەتی لە شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران زۆرترین مین لە ناوچە سنورییەکان چێندراوە، ئەم ناوچانەی مینی تێدا چێندراوە بە پێی ڕوپێوی ٧٧٦ کیلۆمەتر دوجایە کە کاریگەری زۆری لەسەر پیسبوونی ژینگەی هەرێمی کوردستان هەبووە، لەبەر ئەوەی مین پاوان و

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v9n2y2026.pp256-267

خاکی هەرێمی کوردستان دەسوتێنێت و دارەکان ژەهراوی دەکات و ژینگەش دەشێوێنێ، لە لایەکی ترەوە بووەتە مەترسی لەسەر مرۆڤ و ئاژەڵ، لەم ژمارەیەش نزیکەی ٥١١ کیلۆمەتر دوجا پاککراوەتەوە و ٢٦٠ کیلۆمەتر دوجا ماوەتەوە بۆ ئەوەی پاکبکرێتەوە، هەروەها بۆردومانەکانی سەر هەرێمی کوردستان و بەردەوامیان لە لایەن ئێرانەوە مەترسی ژینگەیی و سوتان و شێواندنی کشتوکاڵ و لە ناوبردنی ئاژەڵی کوردستانی لێکەوتۆتەوە (عیسی و قادر، ٢٠٢١، ٥٠-٥١).

بوونی ئەم ڕێژە زۆرە لە زەویەی هەرێمی کوردستان کە بە مین چێندراوە، لە لایەکی ترەوە بۆردومانە بەردەوامەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆسەر ناوچەکانی هەرێمی کوردستان وایکردوە سنورێکی زۆری هەرێمی کوردستان لە بری ئەوەی بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و وەک سەرچاوەیەکی داهات بۆ هەرێمی کوردستان سودی لێ ببینرێت لە ئێستادا ناوچەیەکی زۆری بە سەربازی کراوەو نەتوانراوە سودی لێببینرێت. بەڵکو وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر ژینگەی هەرێمی کوردستان دەبینرێت.

یەکێکی تر لە هەڕەشە ئاسایشییەکانی سەر ژینگەی هەرێمی کوردستان قاچاغچییەتییە لە سنورەکانی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و هەرێمی کوردستان، کە چەندین ساڵە ئەم قاچاغچیەتییەی کەل و پەلی وەک قوماش و کەرەستەی کارەبایی و جل و بەرگ و گۆشت و خواردن و دەرمان و جگەرە و... هیتر بەردەوامە، هەردولاش هەوڵی ڕێگری لەم قاچاغیە دەدەن تەنانەت چەندین کەسیان لێ دەکوژن یان دەستگیریان دەکەن، بەڵام نەتوانراوە بە تەواوەتی ڕێگری لە بە قاچاغبردنی کەل و پەلی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و هەرێمی کوردستان بکرێت (حسيني، ٢٠١٩).

کەواتە کۆماری ئیسلامی ئێران کاریگەریی لەسەر ئاسایشی ژینگەیی هەرێمی کوردستان هەیە، لە ڕێگەی هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی ژینگە کاریگەریی دەخاتە سەر لایەنی ئابوری و کشتوکاڵ و ئاژەڵداریش لە هەرێمی کوردستان بە گرتنەوەی سەرچاوە ئاوییەکان و دروست کردنی بەنداو لەسەر ئەم لقە ڕوبارانەی بۆ هەرێمی کوردستان دێت، لەلایەکی ترەوە بوونی قاچاغچییەتی لە سنورەکان بە هەڕەشەیەکی جددی بۆ سەر ئاسایشی ژینگەیی هەرێم دەبینرێت هەم لە ڕوی تەندروستییەوە دەکرێ دەرمانی ماوە بەسەرچوو یاخود کوالێتی خراپ بهێنرێتە هەرێمی کوردستان، لەبەرئەوەی کە لە ڕێگای قاچاغەوە دێتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان بە کوالێتی کۆنترۆڵ داناڕوات تا بزانرێت ئەم دەرمانە دروستە یاخود نا، هەروەها ئەم خۆراکانەی بە هەمان شێوە دێتە خاکی هەرێم ڕەنگە تەندروست نەبن و یاخود مەوادی کیمیاوی زۆر لە بەرهەمهێنانیان بەکارهاتبێت گونجاو نەبێت بۆ خواردن و بەکارهێنان، کە ئەمەش لە دەرئەنجام دەبێتە هەڕەشەی ئاسایشی بۆ سەر تاکی کورد لە هەرێمی کوردستان.

## دەرئەنجام:

هەڵکەوتەی هەرێمی کوردستان کەوتۆتە نێوان چەندین وڵاتی خاوەن بەرژەوەندی لە دراوسێی هەرێمی کوردستانن، لەوانە ئێران کە وایکردوە ئاستەنگ دروستبکەن لەبەردەم پێشکەوتنی پرسی سەربەخۆیی و مافی نەتەوەیی و ئایندەی سیاسی هەرێمی کوردستان، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە بەردەوام دژی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان بووە بەناوی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق دژایەتی توندی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان دەکات.

لە لایەکی ترەوە ئێران لە ڕوی ئابووریەوە هەم ترسی لە هەرێمی کوردستان هەیە هەم پێویستی زۆری بە بازارەکانی هەرێمی کوردستان هەیە، لە هەمانکاتدا هەرێمی کوردستان بە جێگرەوەی خۆی دەبینێت لە پرسی وزە نەوت و گازی سروشتی بۆیە بەردەوام ترسی لە پەیوەندییە ئابوری و بازرگانییەکانی هەرێمی کوردستان لە گەڵ تورکیا هەیە، لەبەرئەوەی پێیوایە هەرێمی کوردستان دەتوانێ لە ڕێگەی تورکیاوە نەوت و گازی سروشتی هەناردەی وڵاتانی ڕۆژئاوا بکات کە ئەمەش دەبێتە مەترسی بۆ سەر ئایندەی ئابوری ئێران، بۆیە ئێران ڕێگر بووە لە پێشخستنی کێلگە نەوتی و بەرهەمهێنانی گازی سروشتی هەرێمی کوردستان،

کۆماری ئیسلامی ئێران وەک کارتێکی فشار هۆکاری ژینگە بەکاردەهێنێت بەرامبەر هەرێمی کوردستان کە ئەمەش کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر ئاسایشی ژینگەیی هەرێمی کوردستان، لەوانە لە پرسی ئاو لەبەر ئەوەی بەشێک لە لقە ڕوبارەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان سەرچاوەکانیان لە ئێرانەوە دێتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان، ئێران چەندین بەنداوی لەسەر دروستکردون ئەمەش کێشەی زۆری بۆ جوتیاران و کەرتی کوشتوکاڵی هەرێمی کوردستان دروستکردوە، لە ڕوی کۆمەڵگەیشەوە کاری لەسەر زەقکردنەوەی ناسنامەی جیا جیای کردوە کە جێگای ناسنەمەی نەتەوەیی کورد بگرێتەوە و هەموو ئەمانە کاریگەریی تەواوی لەسەر ئاسایشی هەرێمی کوردستان داناوە لە سەرجەم سێکتەرەکان و ڕێگر بووە لە بەرەوپێشچوونی زیاتری هەرێمی کوردستان و بەرزبوونەوەی زیاتری ئەم پێگەیە لەسەر ئاستی هەرێمی.

## سەرچاوەکان

احمد، عەدنان، (٢٠٢٢)، نەوتی هەرێم لە بەرداشی دادگاکاندا، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دوو مانگ جارێک دەریدەکات، ژمارە ١٢، ساڵی دووەم.

بالة، صباح، (٢٠٢٤)، مدرسة كوبنهاغن في تفسير الدراسات الأمنية، الموسعة السياسية، ٩-١٢-٢٠٢٠، نقل عن: الموسوعة السياسية

بوستی، توفيق، (٢٠١٩)، مدرسة كوبنهاغن ـ نحو توسيع وتعميق مفهوم الأمن، المعهد المصرى للدراسات، الزيارة الأخيرة ٢٠٢٤/١١/7، نقل عن: مدرسة كوبنهاغن ـ نحو توسيع وتعميق مفهوم الأمن - المعهد المصري للدراسات

بوستي، توفيق، (٢٠٢٣)، التهديدات الأمنية اللاتماثلية في المتوسط: الواقع وأليات المواجهة، مركز المتوسط للدراسات الاستراتيجية، الزيارة الأخيرة ، ٢٠٢٤/١١/١١، نقل عن: التهديدات الأمنية اللاتماثلية في المتوسط: الواقع وأليات المواجهةMediterranean Center - .

بوصبوعة، مصطفى، (٢٠٢٣)، الأمننة من منظور مدرسة كوبنهاغن: دراسة نقدية، جامعة باجي مختار- عنابة، مجلة الحقوق واعلوم السياسية جامعة خنشلة، المجلد10، العدد01.

پوورعەلی، پەریسا و ئەوانی تر،(٢٠٢٢)، خوێندنەوەی بەراوردکاری دیپلۆماسی کولتووری نێوان ئێران و تورکیا لە عێراقدا (٢٠٠٣-٢٠٢٠)، و. لە فارسیەوە: کەیوان قادری، وەرزنامەی ئێرانناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات، سلێمانی، ژمارە ٥، ساڵی دووەم.

ثجيل، عادل عبد الحمزة، (٢٠١٩)، الأمن القومى الانساني دراسة في المفاهيم، مركز الدراسات الاستراتيجية و الدولية، جامعة بغداد, مجلة العلوم السياسة.

حسين، عبدالطيف أبوبكر أحمد و الآخرون، (٢٠٢٤)، قضية التغيرات المناخية العالمية في ضوء نظريتي: السياسية الخضراء والأمنية، كلية السياسة والأقتصاد، جامعة بني سويف، مجلة كلية السياسة والأقتصاد، العدد الثالث والعشرون.

حسيني، على، (٢٠١٩)، "قجغجية" كردستان: تهريب بين جانبي الحدود العراقية الارانية. العربي الجديد، نقل عن: "قجغجية "كردستان... تهريب بين جانبي الحدود العراقية - الإيرانية

حسەین، میران، (٢٠٢٤)، غازی سروشتی لە ستراتیجی ئێران، گۆڤاری ئێراناسی، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەكات، ژمارە ١٢، ساڵی سێیەم.

حەمە، هاوڕێ حەسەن، ٢٠٢١، بە ئەمنیكردن چییە و چۆن پڕۆسە سیاسییەكان دەگۆڕێت بۆ پرسی ئەمنی، لە بڵاوكراوەكانی ناوەندی كوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەكان، سلێمانی.

حەمە، هاوڕی حسن، ٢٠٢١، قوتابخانەی كۆپنهاگن و سێكتەرەكانی ئاسایش: فراوانكردنی چەمكی ئاسایش، لە بڵاوكراوەكانی ناوەندی كوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەكان، سلێمانی.

حمشي، محمد، (٢٠١٨)، مدخل إلى المدارس الأوروبية في الدراسات الأمنية النقدية، جامعة أم البواقي، المجلة الجزائرية الأمن الاساني، العدد السادس.

ڕەحمان، هاوكار ڕەفیق، (٢٠٢١)، هەڕەشەی مادده هۆشبەرەكان لە هەرێمی كوردستان و ڕێكارەكانی بەرەنگاربوونەوە، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ئایندەیی دوو مانگ جارێك دەیدەكات، ژمارە ١٠، ساڵی دووەم.

ڕەعنایی، شەهلا، (٢٠٢١)، ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەكان و ئاسایشی كۆمەڵایەتی، و. لوقمان سەیفور، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ئایندەیی دوو مانگ جارێك دەریدەكات، ژمارە ١٠، ساڵی دووەم.

رویا فرزین راد و دیگران، تابستان 1398، بررسی مسئله همه پرسی استقلال اقلیم كردستان عراق و تأثیر آن بر امنیت ملی جمهوری اسلامی ایران، فصلنامه علمی مطالعات راهبردی سیاست گذاری عمومی، دوره 9، شمارة 31.

زعلوك، عادل، (٢٠٢٢)، نظريات الأمنية في مجال العلاقات الدولية: من مدرسة كوبنهاجن و نحو نظرية اتصالية مقترحة لدراسة الأمنية. جامعة الاسكندرية. مجلد١٥، عدد١٤.

الزيدى، أرشيد عمارة ياس و سلام، هيمن رؤوف، (٢٠١٩)، الأمن المجتمعي وفقا لطروحات مدرسة كوبنهاغن، المجلة الدراسات السياسية و الأمنية، المجلد الخامس، العدد الثاني.

سادق، بارزان جەوهەر، (٢٠١٧)، ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەرامبەر هەرێمی كوردستان "لە دوای داگیركاری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣"، گۆڤاری قەڵای زانست، هەولێر، بەرگی ٢، ژمارە ١.

ساڵح، نەجات عەلی، (٢٠٢١)، ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریكا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نامەی دكتۆرای بڵآوكراوە، چاپخانەی ماد.

سلمان، مصطفى ابراهيم و الاخرين، (٢٠١٩)، السياسة الايرانية اتجاه اقليم كردستان العراق منذ العام 2014 واثرها في العلاقة مع الحكومة الاتحادية، مجلة دراسات دولية، العدد 79، المجلد 19.

سەرحەت، عەبدولموتەڵیب ڕەفعەت، (٢٠٢٢)، دۆخی ئاسایشی ئاو لە هەرێمی كوردستان، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ئایندەیی دوو مانگ جارێك دەریدەكات، ژمارە ١١، ساڵی دووەم.

صاڵح، زمناكو عثمان، (٢٠٢٣)، پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەكانی هەرێمی كوردستان لێكۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای سیاسیدا، ماستەر نامە، كۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی سلێمانی.

علی، نەجات، دیموكراسی و ئاسایشی نەتەوەیی، خانەی موكریان بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١٤.

علی، نەجات، ٢٠١٤، دیموكراسی وەك ڕەگەزێكی نوێ لە ئاسایشی نەتەوەیی دا لە ڕوانگەی قوتابخەنەی كۆپنهاگن شیكردنەوە و هەڵسەنگاندن، لە بڵاوكراوەكانی خانەی موكریان، هەولێر.

عمر، كارزان آحمد، (٢٠٢٣)، ئاڵێنگارییەكانی ئاسایشی هەرێمی كوردستانی عێراق لە ڕوانگەی قوتابخانەی كۆپنهاگنەوە لە دوای ساڵی ٢٠١٤، ماستەر نامە، كۆلیجی زانستە ڕامیارییەكان، زانكۆی سلێمانی.

عیسی، صالح عمر و قادر، پەروێز رەحیم، (٢٠٢١) ، پرسەكانی ئاسایشی سەربازی و سیاسی هەرێمی كوردستان- عێراق لە ڕووانگەی باری بۆزان لە دوای ٢٠١٧، گۆڤاری قەڵای زانست، بەرگی ٦، ژمارە ٢.

عیسی، صالح عمر و قاد، پەرویز رەحیم، (٢٠٢١)، شیكردنەوەی پرسەكانی ئاسایشی كۆمەڵگەیی و ژینگەیی هەرێمی كوردستان- عێراق لە ڕوانگەی قوتابخانەی كۆپنهاگن لە دوای ٢٠١٧، گۆڤاری قەڵای زانست، هەولێر، بەرگی٦، ژمارە٣.

عەبدوڵڵا، تەحسین وسو، (٢٠٢٠)، سیاسەتی كۆماری ئیسلامی ئێران بەرامبەر هەرێمی كوردستان/ عێراق دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس، گۆڤاری زانكۆ بۆ یاساو رامیاری، ساڵی هەژدەم، ژمارە ٢٩.

عەبدوڵڵا، تەحسین وسو، (٢٠٢٤)، سیاسەتی ئێران بەرامبەر هەرێمی كوردستان (ستراتیجی-هەژموون)، وەرزنامەی ئێراناسی، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەكات، ژمارە ١١، ساڵی سێیەم.

عطوان، أحمد، 2012، الأمن و مستقبل النظام الدولی، مركز بحوث ص الدراسات الامارات، الامارات العربية.

عزیز، كامەران محمد، ٢٠١٥، ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی كوردستان لە سەردەمی نا دڵنیاییدا، لە بڵاوكراوەكانی سەنتەری توێژینەوەی ستراتیژی زانكۆی سەلاحەدین، چاپخانەی زانكۆی سلاحەدین، هەولێر.

قادر، پەروێز رەحیم، (٢٠١٦)، ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەی كۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و كاریگەری لەسەر هەرێمی كوردستان- عێراق، دیداری زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر.

قادر، پەروێز رەحیم، (٢٠٢٤)، هێرشە موشەكییەكانی ئێران بۆ سەر شارەكانی هەرێمی كوردستان و ئایندەی پەیوەندییەكانی ئێران و هەرێم، گۆڤاری ئێراناسی، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەكات، ژمارە ١٠، ساڵی سێیەم.

قاسي، فوزية، (٢٠١٩)، أثر خطاب الأمننة على تطور الدراسات الأمنية بعد أحداث 11\9: اسهامات مدرسة كوبنهاجن، جامعة محمد بن أحمد وهران2، الجزائر، مجلة العلوم القانونية والسياسية، مجلد10، العدد01.

قلوش، نوال بن، (٢٠٢١)، الأمن البيئي و الأمن الانساني تكامل أم تقاطع، جامعة معسكر، الجزائير، مجلة افاق علمية، المجلد 13، العدد 1.

قوجيلي، سيد أحمد، (٢٠١٤)، الدراسات الأمنية النقدية (مقاربات جديدة لاعادة تعريف الأمن)، جامعة عبدالحميد بن باديس، المركز العلمي للدراسات السياسة، عمان.

كرمانج، شێركۆ و عەزیز، سەردار، (٢٠٢٣)، هەژموونگەرایی ئێران و ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی باشووری كوردستان، وەرزنامەی ئێراناسی، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەكات، ژمارە ٨، ساڵی دووەم.

كۆنفرانسێكی تایبەت بە ماددەی هۆشبەر بەڕیوەچوو، (٢٨ حوزەیرانی ٢٠٢٢)، فەرمانگەی میدیاو زانیاری، ماڵپەری فەرمی حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەرگیراوە لە: كۆنفرانسێكی تایبەت بە ماددەی هۆشبەر بەڕێوە چوو

كەریم، هێرش عەبدوڵڵا حەمە، (٢٠١٣)، پەیوەندییە سیاسیەكانی هەرێمی كوردستانی عێراق لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ ١٩٩١-٢٠٠٣ (ئێران، توركیا و سوریا)، چاپخانەی تاران، تاران.

گەردی، مستەفا، (٢٠٢٥)، هەڕەشە ئاسایشیەكانی ئێران لەسەر هەرێمی كوردستان، ناوەندی پەڕنووس، وەرگیراوە لە: pernus

گەڵالی، یادگار سدیق، ٢٠٢٢، سێكتەری نەوت لە نێوان هەرێم و بەغدادا، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەكات، ژمارە ١٥، ساڵی سێیەم.

المصباح، عامر، بلاسنة، المنظورات الاستراتيجية في بناء الأمن، لدار الكتاب الحديث، الجزائر.

مجدان، محمد، (٢٠١٧)، الأمن البيئي العالمي، دراسة حول مفهومة وسبل تحقيقة، كلية العلوم السياسة و العلاقات الدولية، جامعة الجزائر3، المجلة الجزائرية للعلوم السياسة و العلاقات الدولية، العدد الثامن.

محمد، کارزان، (٢٠٢٢)، مەترسیەکانی سۆشیال میدیا لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات، ژمارە ١٥، ساڵی سێیەم.

محەمەد، خەلیل کەریم، (٢٠٢٢)، کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی سیاسەتی ئاویی هاوسێکان و بێباکی هەرێمدا، گۆڤاری ئایندەناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دوو مانگ جارێک دەریدەکات، ژمارە ١١، ساڵی دووەم.

مريم، شوفي، (٢٠٢٤)، التصور الامني لمدرسة كوبنهاجن، الحوار المتمدن، العدد4340، الزيارة الأخيرة 12\11\2024، نقل عن: شوفي مريم - التصور الامني لمدرسة كوبنهاجن

هاشمي، مليكة و يحيى، نبيلة بن، (٢٠٢٣)، الأمن المجتمعي: دراسة في المفهوم. النظرية والتهديدات، جامعة الجزائر3، الجزائر، المجلة الجزائرية للأمن و التنمية، المجلد12، العدد1.

ئاقایی، ئازاد حاجی، (٢٠١٨) ، کاریگەری دۆخی سیاسی و ئابووری ئێران لەسەر ئابووری هەرێمی کوردستان، ناوەندی لێکۆڵینەوەی روداو.

ئەبوبەکر، ئەژی ئازاد و یار ئەحمەد، ژیلوان لەتیف، (٢٠٢٢)، دیدی ئێران بۆ پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل ستراتیژی نوێ و جەنگی درۆنەکان، وەرزنامەی ئێرانناسی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەری دەکات، ژمارە ٤، ساڵی یەکەم.

ئەحمەد، زوبیر ڕەسوڵ، (٢٠٢٤)، پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستان (تورکیا، ئێران، سوریا، وڵاتانی کەنداو، ئەمریکا، روسیا، چین)، چاپی یەکەم، نووسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن.

Abdulrahman., & Issa, S. O. (2024). Securitizing the Kurdish Issue by the Neighboring States. Koya University Journal of Humanities and Social Sciences, 7(1). https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp341-353

Buzan, Barry, (1991), "New 49-Patterns of Global Security" International Affairs (Royal Institute of International Affairs 1994), Vol.67, No 3, Jul.

Buzan, Barry, (1991) , People State and fear, an Agenda for international security studies in the post cold wa, animporint of pearsons education longman, second edition.

Buzan, Barry, Weaver, Ole and Wilde, Jap De, (1998), Secuirity A new Framework for Analaysis, United Kingdom, 1yune inner.

Enlund, Veera Eleonoora, (2011), "The Securitization of European Union Immigration", Unpublished Master's Thesis, School of Art and Sciences.

Ghughnishvili, Irian, (2010), "Securitization Of Migration In The United States After 9/11: Constructing Muslims And Arabs As Enemies" , Unpublished Master's Thesis, Central European University.

## تأثير إيران على أمن قومي في إقليم كوردستان بعد السنة 2003

**الملخص**

يقوم هذا البحث بالتحليل والتقويم الدقيق لاظهار تأثير الجمهورية الإسلامية الإيرانية بعد السنة 2003 على أمن واستقرار اقليم كوردستان وفق المدرسة كوبنهان, والهدف من هذا البحث القاء الضوء على أثر الجمهورية الإسلامية الإيرانية على أمن القومي في اقليم كوردستان بعد عملية تحرير العراق في السنة 2003, وذلك بعد حصول إقليم على الصفة الدستورية السنة (2005) واعترف بها بشكل الرسمي في القانون العراقي, يرى الجمهورية الإسلامية الإيرانية إقليم كوردستان تهديداً جدياًعلى أمن دولته ولذلك كان له تأثير مستمر على إقليم كوردستان, وهذا البحث يعتمد على التحليل العلمي لإبراز كيفية تأثير ومستوى تأثير الجمهورية الإسلامية الإيرانية على أمن القومي في إقليم كوردستان, وفي المحتويات هذا البحث نحاول القاء الضوء على ايطار النظري لتحليل أمن القومي القطاعات الأمنية الخمسة هي القطاع العسكري والقطاع السياسي والقطاع الاجتماعي والقطاع البيئي وفق المدرسة كوبنهاكن. وفي الخاتمة توصلنا الى عدة النقاط منها احتياج الجمهورية الإسلامية الإيرانية لإقايم كوردستان وذلك لوجود عدة المخاطر, وهذا ما الدفع ب الجمهورية الإسلامية الإيرانية أن يؤثر على أمن القومي في اقليم كوردستان بشكل غير المباشر وذلك عن طريق سياسته مع العراق, وبهذا الشكل يؤثر على أمن القومي في إقليم كوردستان بشكل المباشر, والكلمات الأساسية: إيران, اقليم كوردستان, أمن القومي, كوبنهاكن.

**الكلمات الأساسية:** إيران، إقليم كردستان، الأمن القومي، أمن إقليم كردستان، مدرسة كوبنهاغن.

## Iran's Influence on National Security in the Kurdistan Region after 2003

Abstract

This research analyzes and accurately evaluates Islamic Republic of Iran's influence on the security and stability of the Kurdistan Region after 2003, according to the Copenhagen School. The aim of this research is to shed light on Islamic Republic of Iran's impact on national security in the Kurdistan Region after the liberation of Iraq in 2003. This occurred after the region gained constitutional status in 2005 and was officially recognized under Iraqi law. Islamic Republic of Iran views the Kurdistan Region as a serious threat to its state security, and therefore has had a continuing influence on the Kurdistan Region. This research relies on scientific analysis to highlight the extent and nature of Islamic Republic of Iran's influence on national security in the Kurdistan Region. The contents of this research attempt to shed light on the theoretical framework for analyzing national security The military sector, the political sector, the social sector and the environmental sector according to the Copenhagen School. In conclusion, we reached several points, including Islamic Republic of Iran's need for the establishment of Kurdistan due to the presence of several risks. This has prompted Iran to indirectly influence national security in the Kurdistan Region through its policy with Iraq, thus directly affecting national security in the Kurdistan Region .

KEYWORDS: Iran, Kurdistan Region, National Security, Kurdistan Regional Security, Copenhagen School.